# فەرهەنگی وشەنامە

## هۆرامی - کوردیی ناوەڕاست


دانەر

جمال حبیب الله (بێدار)



هەولێر ٢٠١٠

- ناوی کتێب: فەرهەنگی وشەنامە
- نووسینی: جمال حبیب الله فرج
- سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
- نەخشەسازی: عیسام محسن
- پیت چنین: یوسف جمال حبیب الله
- هەڵەچنی: جمیلە جمال حبیب الله
- بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٧٨).
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- لە کتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردنی (١٦٠)ی ساڵی (٢٠١٠)ی دراوەتێ.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ
وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾سورة الروم.

(( ئەگەر ئێژن : چیاکانی هۆرامان سەخت و گەردن کەش و بڵندن،
ئێژم : زمانەکەیان لەوان بەرز و بڵند ترە ..
ئەگەر ئێژن : گژ و گیا و گوڵ و گوڵاڵەی هۆرامان ڕەنگینە ،
ئێژم : زمانەکەیان لەوان ڕەنگین ترە ..
ئەگەر ئێژن : کانیاوەکانی هۆرامان پاك و ساف و زوڵاڵن،
ئێژم : زمانەکەیان لەوان سافتر و پاراو تر و زوڵاڵ ترە ..
ئەگەر ئێژن : هەنگوینی هەنگەژاڵەی هۆرامان شیرینە،
ئێژم : زمانەکەی لەو هەنگوینە بەتام تر و شیرین ترە.. ))

## پێشکەش بێت :

بە گیانی باوکم ، ئەو باوکەی کە هەڵۆی مەرگ زۆر زوو فڕاندی لێم و، هەر بە منداڵی منی لە نازی بێ بەش کرد و، نەی هێشت تاسەمان لە یەکتر بشکێت . نەیهێشت سیمای لە چاڵ و چۆڵەکانی مێشکمدا جێگیر بێت.

بەگیانی دایکی خوا لێخۆشبووم (عدلە محمد خوداداد) ، ئەو دایکەی کە جێگای باوکیشی گرتەوە بۆم. بەو نەخوێندەواری یەی خۆی چڵەپۆپەی دڵسۆزی بۆم نواند، پاك ترین پەروەردەی کردم، سەرەتاکانی ئاخاوتن هەر لەوەوە فێر بووم، چەندان ساڵ بە بێوەژنی و هەتیو باری، بە دیارمانەوە مۆم ئاسا خۆی ئەتواندەوە و ڕێگەی پێگەیاندن و پەروەردەی بۆ ئێمە ڕۆشن ئەکردەوە، تا دوا هەناسەی ژیانی سۆز و میهرەبانی خۆی لێ نەگرتینەوە.

بە هاوسەری هێمن و ئارام و بە وەفام (( ئەختەر)) ی مەلا کەریمی دەگاشێخانەیی، کە لە دانانی ئەم فەرهەنگەدا ئەو پەڕی یارمەتی دام . هەر پرسیار و هەر داوایەکم لێ کردبێت ، هیچ کامیانی بێ وەڵام نەهێشتووەتەوە. بەڵێ ، بەو خوێندەواری یە زۆر کەمەیەوە ، لە مەیدانی شێوە زاری هۆرامییدا، تەواو لێزان و ووریا و زیرەکە، ئەتوانم بڵێم : گرنگترین سەرچاوە بوو بۆم لە بەشە هۆرامی یەکەی فەرهەنگەکەداو، ئەوپەڕی سوودی پێ گەیاندم.

بە گیانی پاکی ماندووی بێ باکی شادمانی هەموو هۆرامی یەکی: ڕەنجدەر. ڕەنجبەر، کۆڵێش ، کۆڵبەر، کۆکەن، باخدار، ڕەزدار، جووتیار، سنعەتکار ، دەڵوەتدار، هەربەنە، زەحمەت کێش، ماف خوراو ، ستەم دیدە، خوێندەوار و نەخوێندەوار، هەژارو دەوڵەمەند، دەنگ خۆش و بەهرەمەند، گەورە و بچووك، بەویقار و ڕۆح سووك، قسە خۆش و زمان شیرین، لە هەر کوێدا هەن و دەژین.

بەهاوڕێی سەردەمی قوتابێتی و سەربازی و مامۆستایەتیم ( م. عبدالله عبدالعزیز ) ئێناخی، کە لە وەڵامی هیچ پرسیارێکمدا درێغی نەکرد.

بە یەکە یەکەی ڕۆڵە دڵسۆز و پاکەکانی نەتەوەی کوردی پارچە پارچە کراوی ماف زەوت کراو. بە تایبەتی ئەوانەی هەستی پاکی نەتەوایەتیان هیچ گەردێك نایگرێت و، شەیدا وئەویندارى گوڵزاری زمانن و، لەرەی ئاوازە و ناسکیی ووشە، خونچەی ئارەزووی دڵی پاکیان دەپشوێنێ.

**جمال حبیب الله فرج (( بێدار ))**
**٢٠٠٣/٩/٢٧ – هەڵە بجەی شەهید.**

# پێشەکیی لیژنەی فەرهەنگ

هۆرامی، یاخود هەورامی کە وشەیەکی زیاتر باوە لەسەر زاری خەڵکی کوردستان، یەکێکە لە شێوەزارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی. جا ئەگەر چی هۆرامی (وەك دانەر خۆشی باسی لێ دەکات) شێوەزمانێکی کۆن و دێرینە، بەڵام تا ئەمڕۆ فەرهەنگێك وەك سەرچاوەیەکی دیار بەم شێوەزارە لای خەڵك، بوونی نییە.

لێژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردی لەرووی ئەوەی کە ناساندنی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە ئەرکی خۆی و کارێکی پێویست دادەنێت، ئەم بەرهەمەی مامۆستا بێدار دەخاتە بەردەست. ئەم کارە نەك هەر کەلێنێکی دیار لە فەرهەنگسازی کوردیدا پڕ دەکاتەوە، بەڵکو کاریگەر دەبێت لە نزیککردنەوەی شێوەزارەکان لە یەکتری کە دەشێت ئەرکێکی سەرەکیی فەرهەنگسازیی کوردی بێت.

ئەو شارەزایانەی ڕەشنووسی ئەم وشەنامەیەیان بینیوە و هەڵیانسەنگاندووە، ئەم بەرهەمە نەك هەر بۆ خودی زمانی کوردی بەسوود دەبینن، بەڵکوو وا مەزەندە دەکەن کە "بۆ ئاستی خوێندنی بەرایی لە زانکۆ و خوێندنی باڵا دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێت..... و ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانەی شی کراونەتەوە بەسامانێکی بەنرخ" دەزانن.

ئەوەی لەبایەخی ئەم وشەنامەیەش زیاد دەکات ئەو وردەکارییە کە دانەر لە هەندێك لایەنی زمانەوانی و فەرهەنگسازیی ئەم وشەنامەیەدا کردوویەتی. دەنگ و شێوە دەنگەکانی خودی زاری هۆرامی ڕوون کراونەتەوە و لە دانانی ئەم وشەنامەیەدا چوار شێوە پیت لەڕووی پێویستییەوە و زیاد لە پیتەکانی ئەلفوبێی ستانداردی زمانی کوردی بەکارهاتووە و پێویستی بەکارهێنانیان ڕوون کراوەتەوە، بەڵام ئەم چوار شێوە پیتە تەنها تایبەتن بەشێوازی هۆرامی، واتا نابن بە بەشێك لەو ئەلفوبێیەی کە سەلمێنراوە و بەگشتی زمانی کوردیی پێ دەنوسرێت.

ئێمە لێژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردی لەو بڕوایەداین کە چاپکردنی ئەم وشەنامەیە دەوڵەمەندکردنی بوواری زاراوە و فەرهەنگسازی زمانی کوردی دەگەیەنێت.

**لیژنەی فەرهەنگ**

## (( پێشەكی))

ستایش هەر شایستەی خوایە، ئەو خودایەی كە نە ڕۆڵەی هەیە، نە بابە و نە دایە .. یەك باڵ و تاك و تەنیایە .. بێ دەرد و بێ مەرگ و زایە.. بە دیهێنەری ئاسمان و دنیایە .. لە كارەكانیا دانایە .. بە هەموو شتێك زانایە .. باسی نیعمەتەكانی هەرگیز كۆتایی نایە .. خۆیشی بێ سەرەتا و بێ كۆتایی یە .. حاكم و پاشای بێ هاوەڵی، بێ مامەندی ڕۆژی دوایی یە.

سەلات و سەلامی هەمیشەیی، بۆ سەر گیانی پاكی نەمری پێغەمبەری ئیسلام . لەوەوە سەرواز بكات بۆ سەر گیانی خانەوادە و یاران و شوێن كەوتوانی، بە تایبەتی ئەوانەی كە هەرگیز تێر نابن لە ئەوینی سفره وخوانی.

پاشان .. ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَـٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَٰنِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّلْعَـٰلِمِينَ ﴾ آية (٢٢) سورة الرّوم

یەكێك لە بەڵگە و نیشانەكانی دەستەڵات و زانایی و دانایی خوای گەورە ئەمەیە، لە كات و حاڵێكدا كە میوەكان هەموو یان هەر میوەن، هەر نیعمەتی ئەو خوایەن، هەموو لەسەر ئەم زەویەن، بە هەمان ئاو و هەوا و خۆراكی ئەم زەویە، لە ژێر سایەی یەك ئاسماندا و، بە تیشكی یەك خۆر دەڕوێن و پێدەگەن و دەژین و دێنە بەرهەم، كەچی جۆرا و جۆر و، ڕەنگا و ڕەنگ و شكڵا و شكڵ و، لە قەبارە و تام و بۆن و نرخ و چاكی و پاكی و جوانیدا جیاوازن. بەم سیفات و تایبەتمەندیی یانەشەوە زیاتر ڕازاوە و چاك و دڵگیر و بە تام دەبن.

ئینسانەكانیش هەر بەو جۆرە ، هەموویان لە بنەڕەتا لە یەك باوك ( آدم ) ن و، لە یەك دایك (حواء) ن – سلامی خوایان لێ بێت- . هەموویشیان لەسەر گۆی ئەم زەوی یە، بە خێر و خێراتی ئەم زەوی یە، لە ژێر چەتری یەك ئاسماندا، بەهەمان ئاو و هەوا و خۆراك و تیشك پێ ئەگەن و ژیان ئەگوزەرێنن، كەچی خوای زانا و دانا بە حیكمەتی بێ پایانی خۆی، كردوونی بە چەندەها گەل و میللەت و نەتەوە و عەشیرەت و هۆز و خێڵ و ڕەنگ و دەنگی جۆراو جۆری جیاوازەوە .. هەر یەكەشیان سیما و ڕوخسار و ڕەنگ و دەنگ و داب و نەریت و خوو و خدە و جل و بەرگ و سروشت و عادەت و ڕەوشت و كەلەپوور و فەرهەنگ و زمانی جیا جیا و جۆری

تایبەتی ژیانی خۆی هەیە .. بگرە هەر یەکەیان زێد و یاسا و ڕێسای جیا و ئایینی تایبەتی خۆی هەیە.

یەکە یەکەی ئەو گەل و میللەت و نەتەوە و عەشیرەت و هۆز و خێڵ و ڕەنگ و دەنگە جۆرا و جۆر و جیاوازانە. ئەو سیفات و تایبەتمەندیی یانەی خۆیانیان خۆش دەوێت و، بگرە شانازیشیان پێوە ئەکەن، حەز ئەکەن و هەوڵ ئەدەن بیانپارێزن و بیانهێڵنەوە. چونکە بوون و مانەوەی خۆیان، لە بوون و مانەوەی ئەواندا بەدی ئەکەن. ئەمەش نەزعەیەکی پاکی ڕەوای سروشتی یە و، یاساکەی لە یاساکانی خودای پەروەردگارە و، پەیڕەوی کردنی بە ژیرانە کارێکی جوانی پیرۆز و بە کەڵك و بێ زیانە.

## هۆرامی و فەرهەنگ

ئێمە کە باس لە پاراستن و هێشتنەوە و پارێزگاری کردنی زمان ئەکەین ، ئەبێت ئەوە بزانین کە بەهێزترین و ئەمین ترین قەڵا و سەنگەری ئەو هێشتنەوە و پارێزگاری یە، (( فەرهەنگ))  یان قامووس ((وشەدان)) ە بۆ ئەو زمانە.

دیار و زانراوە هەر لە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ، یەکەمین شناسنامە و دیارترین دیاردەی ئاشکرا و روون، کە هۆرامیانی پێ ناسراوە و پێی دەناسرێن لە ناو خێڵ و هۆز و تیرە و عەشیرەتەکانی گەلی کورددا، زمانەکەی یاخۆ شێوە زمانەکەیەتی، کە پێی دەوترێت ((زمانی هۆرامی)) . تا ئێستاش بڕێکی زۆر لە برا سۆرانی یەکان بە زمانی ((ماچۆ)) یان بەزمانی ((تاتۆ)) ناوی ئەبەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە زمان یا شێوە زمانی هۆرامی، کۆن و دێرین .. ڕەسەن و قووڵ و فراوان .. تەڕ و پاراو و بەتام .. گوشاد و دەوڵەمەند .. ناسك و ساف و سۆڵ .. بەتام و چێژ .. بەهێز و بەپێز .. خاوەن دەستوور و یاسا و ڕێسای بەهێز و مەحکەم .. دارای ڕێزمانێکی پڕ لە وورده کاریی و کەم وێنە .. دەست ڕۆشتوو و دەوڵەمەند لە ڕووی ڕەچاو کردنی نێر و مێوە .. لە ڕووی مەجازی و حەقیقی و سەماعی و قیاسی یەوە .. لە ڕووی جێناوی فرەی فرە جۆرەوە .. لە ڕووی ئامرازەکانی: ئیشارەت، ناسراوی و نەناسراوی، سیفەتەکانی فیعل و فاعل و مەفعول، سیغەی بەردەوامی و مفعول مطلق، زۆریی پێشگر و پاشگرەوە ..

لەگەڵ ئەوەشدا کە زمان یا شێوە زمانی هۆرامی، وەك هەموو شێوەزمانەکانی تری گەلی کورد، دەوڵەمەند و مۆسیقی و لەبارە و بناغەیە بۆ مێژووی کوردی و ئەکرێت بە یەکێك لە زمانە زیندووەکان بژمێررێت، کەچی بە داخەوە هەتا ئێستاش – ئەوەی پێی بڵێیت ((فەرهەنگ)) واتە ((قاموس)) نی یەتی !! ئەم تاوانە بدەینە پاڵ کێ؟

هەروەها، لەگەڵ ئەوەشدا کە هۆرامان مەڵبەندی خوێندن و خوێندەواری بووە، لانکەی زانایان و ئەدیبان و شاعیران بووە و، ئەمڕۆ مێژووی ئەدەبی کوردی گەواهیی بۆ دەدات و شانازی پێوە دەکات و کۆنترین دەقی نووسراوی ئەدەبی بە هۆرامی ئەخاتە ڕوو .. لە گەڵ ئەوەشدا کە هۆرامیان خۆیان بە ژیری و زیرەکیی و بیر تیژیی و خەیاڵ فراوانی و وردبینی و وردەکاری و سەلیقە داری و دووربینی و هۆرامی پەروەری و زۆریی ژمارەی خوێندەوارانیان – لەناو هۆز و تیرەکانی کورددا - ناسراو و بەناوبانگن، کەچی بە داخەوە هەتا ئێستاش زمانەکەیان بێ فەرهەنگە!!

ئاخۆ تاکو ئێستا چەند هەزار وشەی زێڕینی دێرینی ڕەسەنی ناسکی پاراوی بەهێزی ئاوازەداری بێ وێنەی زمانەکەیان، چەند زاراوەی پتەوی شیرینی زمانەکەیان بە گێژەڵۆکەی زەمەن هەڵوەری بن و لە بەین چووبن؟! ئەگەر زمانەکە هەروا بێ فەرهەنگ و بێ وشەدان بمێنێتەوە، ئەی ئەبێ وشەکان و زاراوەکانی تری چیان بەسەردا بێت؟ دوارۆژی دووری زمانەکەیان بەچی ئەگات؟

## گرنگیی زمان

ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێ سەبارەت بەزمان بیڵێم، گرنگی زمانە لە ژیاندا نەك پێناسەی وردی دوور و درێژی زمان.

ئاشکرا و دیارە، کە تا ئەمڕۆش گرنگ ترین ڕێگە کە ئادەمیزاد بە تێکڕا و بە ئاسانی و ئاسایی، بتوانێت بە هۆیەوە لە خەڵکی تێبگات و خەڵکیش لە ئەو تێبگات، زمانە.

هەروەها زمان دیاردە یاخۆ تایبەتمەندییەکی گرنگی ڕوونی لە بەرچاوە کە ئادەمیزاد لە گیان لەبەرەکانی تر جیا ئەکاتەوە. زمان پایەی هەرە گەورە و بناغەی بەهێزی کۆشك و قەڵای کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی یە، ئاشکراترین پێناسە و

شناسنامەی گەل و نەتەوەیە، هەوێنی هەستی نەتەوایەتییە لە سەرانسەری جیهاندا و، لەوانەیە هەروەهاش بۆ خۆی بمێنێتەوە. کە زمان هەبوو، گەل و نەتەوەش دەبن، یان بە لایەنی کەمەوە ژێلەمۆی هەستی نەتەوایەتی دەبێت .. کە زمان نەبوو و نەما، ئیتر گەلی چی و نەتەوەی چی؟! هەر گەلێك نەیتوانی بێت زمانەکەی خۆی بپارێزێت، لەگەڵ توانەوەی زمانەکەیدا خۆی وەك کلۆسندری بەر باران تواوەتەوە، وەك بڵقی سەر ئاو، یان وەك خەتی سەر ڕووی بیابان تیاچووە وشوێنەواری براوەتەوە. ئەمە هەر وەك وەها بووە، ئێستەش وایە، لەمەو دواش هەروەها دەبێت.

بەم جۆرە، هەروەك مامۆستا (شێخ محمدی خاڵ) لە پێشەکی فەرهەنگی خاڵدا دەڵێ: ((زمان مایەی مانەوەی گەلە ...... ، زمان بۆ ئاگاداریی گەلان لە هەموو قەلایەکی ئاسنین و، قوللەیەکی مسین باشتر و چاکترە چونکە قەلا ئەگیرێ و قوللە ئەڕوخێنرێ، بەلام زمان هیچی لێ ناکرێت)).

مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی، لە پێشەکی((هەنبانە بۆرینە)) کەیدا ئەڵێ:

(( زۆر لە ڕۆژ ئاشکراترە ، پێناسی گەلان لە جیهاندا، دروشمی نەتەوایەتی، ئامیانی ڕەگەزایەتی زمانە و بەس)). دەی کەوابێ، گرنگی دان بە زمان .. پاراستنی و ئاگاداری کردنی .. ئاوەدان کردن و پاراو کردنی .. بژارکردن و پەرژین کردنی .. لەگەڵدا خەریك بوون و خۆش ویستنی .. زیندوو کردنەوە و ڕاگیر کردنی .. هێشتنەوە و پارێزگاری کردنی، ئەرکێکی گەورەی زۆر گرنگ و بنەڕەتیی سەرشانی هەموو ڕۆڵەیەکی پاك و ژیر و بەوەفا و بە ئاگای هەر گەل و نەتەوە و میللەتێکە. بە پێچەوانەشەوە، خستنە پشت گوێی ، کەمتەرخەمی نواندن بەرامبەری، بە تایبەتی لە لایەن ڕۆڵەکانی خۆیەوە کە خاوەن توانا و زانان، تەمبەڵی کردن و نرخ بۆ دانەنانی، ئەگەر ناپاکی و سپڵەیی و بەد ئەمەکی نەبێت، بێ گومان سستی و بێ قابلیەتی و بیر پووچەڵی یە و، گەل و نیشتمانیش مێژوو ئەکەنە نوێنەری خۆیان کە هەتا هەتایە گلەیی بکات و باسەکە بکۆڕێنێتەوە.

ئایا بە کردنی وشکە گلەیی کەلێنەکە پڕ ئەبێتەوە؟ دەبێ ئەوسا گلەیی لە کێ بکەین؟ ئەی پێشینان نەیان گوتووە : ((خۆت سەری خۆت نەخورێنی کەس نایخۆرێنێ بۆت))؟

من وای بۆ ئەچم، تەنها ڕێگەیەك کە ئەبێ بگیرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، دانانی فەرهەنگێکە، کە تێکڕای وشە و زاراوەکانی زاری هۆرامی بگرێتە ئامێز و، دایك ئاسا جگەر گۆشەکانی خۆی بپارێزێت. چونکە – پێشتر گوترا – فەرهەنگ باشترین قەڵای پۆڵایینە بۆ پاراستنی زمان .. گونجاوترین سەنگەری دیفاع کردنە لە خۆ .. شایان ترین گەنجینەیە بۆ هەڵگرتنی سووری خەرمانی هەر زمانێك . فەرهەنگ ئەگەر فرە نەبێ و نەیەتە سەری، کەم نابێتەوە و لێی نایەتە دەر.

## بیرۆکەی ئەم فەرهەنگە

من هەر بە منداڵی .. لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە، خۆش ویستنی شیعر بوو بە خدە و خوو و ئارەزووم. ئەو شیعر خۆش ویستنە بردمی بەرەو ئاشنا بوون و شەیدا بوونی وشە و زاراوە و عیبارەتی جوان و ناسك و شیرینی قووڵ و واتادار. بەکورتی، تام و چێژێکی زۆرم لە ((دانە)) کانی زمان وەرگرت، بە تایبەتیش زمان یان زاری هۆرامی، چونکە من خۆم لە بنەڕەتا هۆرامیم.

لە ساڵی (١٩٧٨) دا، کە حکومەتی ئەو کاتەی عێراق بە بیانووی نزیکی ی گوندەکان لە سنووری ئێرانەوە و، بە بیانووی ئاسایشی وەڵاتەوە، دەستی کرد بە وێران کردنی گوندەکانی کوردستان و خەڵکەکەشی ڕاپێچ کرد بۆ ئۆردوگا زۆرە ملیەکان ، کە ئەو بە (( قرى عصرية)) ی ناو ئەبردن، هۆرامانیش بەر ئەو شاڵاوە بێ فەڕە کەوت. خەڵکەکەی ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرە ملیەکان کرا. تیرە و هۆز و خێڵ و بنەماڵەکان هەموو تێکەڵ بە یەکتر کران. لەم کاتەدا من زیاتر دڵم داخورپا و وام هەست ئەکرد، ئیتر زمانی هۆرامی کەوتووەتە بەر هەڕەشەی توانەوە و تیاچوون. لەو کاتەدا، لەم خەم و خەیاڵە بەدەر هیچ شتێکی ترم بە بیردا نەهات.

لە دوای کیمیابارانەکەی شاری هەڵەبجە، لە (١٦-٣-١٩٨٨) دا، من بە خێزانەوە، لە ئۆردوگای ((سەرابی فەش))، سەر بە قەزای ((کەنگاوەر/ ئوستانی کرماشان)) گیرسامەوە. لە هاوینی ئەوساڵەدا، بۆ سەردان لە یەکێك لە خزمە ئاوارەکانمان ، لە سەرابی فەشەوە چووین بۆ ((دووڕۆ)) ی سەر بە قەزای مەریوان، بەرامبەر پەخشی ((سەڵواوا)). لەم لای کامیارانەوە بەرەو سنە ئەهاتین، دارودرەختمان لێ دەرکەوت،

یەکێك لەو دارانە ((دار بەڕوو)) بوو. یەکێك لە کوڕەکانم لێمی پرسی: (( تاتە ئا درەختە چێشا؟)) وتم: (( ڕۆڵە ! ئانە نەرەن)). وتی: (( نەرە چێشا؟)) وتم: (( نەرە ئا درەختەنە هەکە بەلوو گێرۆ)). وتی: (( ئەی بەلوو چێشا؟)) وتم: ((ئانە ئەوەڵ جار لەقە هەژگ بی یەن، هۆرشا پاتەن و ئیتر زل بی یەن و بی یەن بە نەرە)). یەکێك لە کچەکانم ڕووی تێکردم و پرسی: (( تاتە! ئەی هەژگە چێشەنە؟)) وتم: پەلەمەکەن .. دوایی .. دوایی تێتان ئەگەیەنم.

ئەو پرسیارانە سەر لە نوێ دڵمیان داخورپاندەوە و لە دڵی خۆما گوتم: ئای! ئەوەی کە بە خەیاڵ لێی ئەترسام ، ئەوا ئەمڕۆ بوو بە ڕاستی و واقیع!! کەوتمە گێژاوی خەیاڵات و پەژارەوە .. کەوتمە بیر کردنەوە .. بەڵام لەو ئاوارەییەدا، بەو بەسەرهات و ماڵ وێرانی یە، نەڕێم لە چارەسەرێك کەوت ، نەشتێکم پێ کرا. بۆ خۆم دۆش دامام.

مناڵەکان ناهەقیان نەبوو کە دار و درەختی کوێستان نەناسن و ناوەکانیان نەزانن، چونکە گەورەترین مناڵم ، لەدایك بووی ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٣)) بوو. منیش لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٦) - وەك مامۆستا لە گوندی ((سەرگەت)) ەوە گوێزرامەوە بۆ گوندی ((پریس)) ی سەرووی نزیك بە هەڵەبجە. دووساڵ لە دوای ئەمەش هۆرامان وێران کرا، ئیتر هەموو لە هۆرامان دابڕاین، مناڵەکانم لەگەڵ منالانی سۆرانی زماندا دەژیان و دەدوان. لێرەدا ئەمەوێ بڵێم : بیرۆکەی فەرهەنگێکی هۆرامی، لە پرسیارەکانی مناڵەکانمەوە ، لە ڕێگەی نێوان کامیاران و مەریواندا، لە مێشکمدا چەخماخەی دا و،چەخماخەکە هەر مایەوە و نەڕەوییەوە.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٤) ز دا ئێرانمان وەك - پەنا هەندە - بەجێ هێشت و گەڕاینەوە بۆ عیراق و لە ((هەڵەبجەی تازە)) نیشتەجێ بووین. لەم مێژووەوە من خۆم یەك لایی کردەوە و ڕووم کردە جیهانی ئەدەب و نووسین، ئەمەش وای لێ کردم سەرم بتەقێت بە فەرهەنگ یان قاموسەوە. ئەمەش بوو بە کلیلی دەرگای جیهانێکی نوێ لە بەردەمما، هەر بەمەش سەرلە نوێ چەخماخەی بیرۆکەی فەرهەنگێك بۆ زاری هۆرامی بەرمێشکم کەوتەوە و کەوتمە کەڵکەڵەی دانانی فەرهەنگێکی هۆرامی.

بەڵام مـن و فەرهـەنگ دانـان؟ زۆر لـە یەکـەوە دوورین! ئـاخر فەرهـەنگ دانـان کاری کۆمەڵە کەسێکی شارەزایە .. من شتێکی ئەوتۆی لێ نازانم .. لەم ڕووەوە زانست و زانیاری یەکی تێر و تەسەلم نی یە .. ئەم کـارە توانـای ئـەوێت و کـاری گـەرەکـە .. پێویست بە یارمەتی و هاوکاری دەکات .. ئاخر من سەرچاوەیەك شك نابەم تا بیکەم بـە بناغـە و پـشتی پـێ ببەسـتم .. ئـەم کـارە بـە تـەنیا کەسـێك ناکرێـت .. کەسـانی خوێنـدەوار و بـە تەمـەن و بـە ئـەزموونی ئـەوێ .. ئـەم هـەموو شـتانەم چـۆن پـێ ئەکرێت؟

ئەم بیرۆکەیەم - بیرۆکەی دانانی فەرهەنگێکی هۆرامی — بۆ چەند کەسێك بـاس کـرد، هـەموویان بـە چاکیان زانـی، بـەڵام بـە ((موسـتەحیل)) یـشیان زانـی، بگـرە دڵیـشیان سـارد ئەکردمـەوە. لەگـەڵ ئـەو هەمووەشـدا، بیرۆکەکـە نـەك هـەر نـەمرد، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی ئەسەند و بڵێسەی بەتین تر دەبوو لـە ناخمـدا. هـەتا وای لێ هات، بوو بە دارێـك، لـە زەمینـەی دڵ و دەروون و بـیر و خـەیاڵما ڕووا، ڕەگـی داکوتا، لق و پۆپ و گەڵا و گوڵی دەرکرد.

ئەوسا خۆم بە خۆمم دەگوت: ئەی پیاو! تۆ ئەگەر خۆت بە دەستی خـۆت سـەری خۆت نەخورێنی، ئەی کێ بۆت بخورێنێ و بەتەمای کێیت؟! ئەوندەی دەمـت مانـدوو ئەکەیت ، دەی دەستت ماندوو بکە.؟ باشە، تۆ خۆت بۆچی بەم کارە هەڵناسیت؟ تـۆ خـۆت هۆرامیـت .. لـە هۆرامـان لـە دایـك بوویـت و ژیاویـت .. تەوێڵـەییت و چـەند سـاڵێك لـە تەوێڵـە ژیاویـت .. ماڵتـان هاتۆتـە دەگاشـێخان .. قۆنـاغی سـەرەتایی خوێندنت لە بیارە تەواو کرد .. شەش سـاڵی ڕەبـەق لـە سـەرگەت و هانـەی دنـدا بـە مامۆستایی ژیانت بردە سـەر .. لـە سـاڵی (١٩٧٩) وە مامۆسـتای وانـەی کوردیـت .. لـە زاراوە و وشـەی دێهاتـەکانی هۆرامـان شـارەزابوویت .. دەمێکـە لەگـەڵ ئەدەبـدا دۆستایەتیت هەیە و خەڵك بە ((شاعیر)) نـاوت ئـەبات، جا ئەگـەر تـۆ فەرهـەنگێکی هۆرامی بە زەحمەت و گران بزانیت و بە تۆ نەکرێ ئەی ئەبێ بۆ کێ سوك و ئاسان بێت؟ ئەبێ بە کێ بکرێت؟ بەم جۆرە هازە هازە و هانی خۆمم ئەدا و، هەر خۆم بـۆ خۆم وێرانم بۆخۆم ئەسازاند.

بـۆ خۆشـبەختی ، لـە (١٣-٨-٢٠٠١) ز، لـە هەڵەبجـەی تـازە بـڕاین و بـە ماڵـەوە هاتینەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید. بە خۆمم گوت: کاکە! ئێستا دەر و دراوسێت، دەور و

بەرت بە زۆری هۆرامین، بۆ هەر وشەیەك دابمێنی ، ئەتوانی پەنایان پێ ببەیت و کارت بە ئاسانی بۆ جێ بەجێ ئەبێت. کەواتە هیچ لێی مەوەستە ، ناوی خوای لێ بێنە و دەست پێ بکە. ها!! نەکەی پەست و بێزار و ماندوو ببی .. هەناسە درێژ و کۆڵنەدەر بە .. وزە بەرز و ماندوویەتی نەناس بە .. ئەرێ، هیچ بناغەیەکی هۆرامی بۆ دامەزارندنی ئەم کۆشکە لە بەردەستدا نی یە! ئەمەش زەحمەتەکە سەخت تر ئەکاتەوە.

بە خۆمم ئەگوتەوە: دەی ئەوە ((ئەستێرە گەشە)) ی ((فاضل نظام الدین)) . و ئەوە ((فەرهەنگێکی خاڵ)) و ئەوەش ((هەنبانە بۆرینە)) کەی ((م. هەژار)) . لەسەر شێوەی ئەوان و، هەوڵ و بیر و بۆچوونی خۆیشت بناغە دارێژە و پایەی لەسەر دابمەزرێنە، لە خۆت حەرەکەت و لە خوایش بەرەکەت.

لە ڕۆژی (١١-١-٢٠٠٢) دا، ناوی خوام لێ هێنا و لە یەکەم پیتەوە دەستم پێ کرد. شەوم خستە سەر ڕۆژ و ماندوویەتیم خستە ئەو لاوە، لە پرسیار کردن و بەدوادا چوونا، لە گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوەدا، نە سڵم ئەکردەوە و نە شەرمم ئەکرد. لەگەڵ ئەو هەموو ماندوو بوونەمدا، هەستم بە خۆشیی و بەختیاریی و نەشەی سەرکەوتن دەکرد، بەبێ ئەوەی کەسێك دەستەیەك وشەم بۆ بێنێ، بەبێ ئەوەی کەسێك یەك لاپەڕە بنووسێتەوە، گەیشتم بە ئاواتی خۆم. چی بکەم لەو دۆستانەی چەند جارێك داوای کۆمەکم لێ کردن و تاکە وشەیەکیان بۆنەهێنام! بەڵام سەد ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو پێشینانە کە گوتوویانە:((کەڵەشێریش نەخوێنێ ڕۆژ هەر ئەبێتەوە)) .ئەرێ، نەکەڵەشێر و نەفڕوج هیچ کامیان نەیان خوێند و بە کۆمەکی خوا ڕۆژیش بوویەوە و کاری کاردارانیش مەیسەر و جێ بەجێ بوو . سوپاس بۆ خودای فریاد ڕەس.

**هەرچیم گەرەك بۆ جە تۆم گەرەکا ئەر جە تۆ نەبۆ نامو بەرەکا**

زۆرن ئەوانەی کە لەم دونیایەدا بە دڵسۆزانە و بێ وچان ڕەنج دەدەن، بەڵام لەبەر بێ دەستیی و بێ کەسیی کەس پێیان نازانرێت و ڕەنجیان نادیارە و ناویان دەسڕێتەوە.

من یەکێك بووم لەوانە! لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە خۆم هاوێشتە دنیای نوسینەوە، بەرهەمێکی فرەی هەمەجۆرم پێکەوە ناوە و زۆریش دڵم پێی

خۆشـە، بـەڵام داخەکـەم بـەهۆی بـێ دەسـتی و بـێ کەسـی یـەوە تـەپ و تـۆزی دنیـا بەرهەمەکەم و تـەپ و تـۆزی خـەم و پـەژارە دڵمـی داپۆشـی بـوو، لەگـەڵ بێهیواییـدا دەستە و یەخە وەستابووم.

لەم کاتـەدا سـەرۆکایەتیی ئـەکادیمیای کـوردیی – بەتایبـەتی سـەرۆکی ئـەکادیمیا بەڕێز دکتـۆر شـەفیق قـەزاز و بـەڕێز دکتـۆر ئـازاد ئەحمـەد – بـە گـەورەیی خۆیـان بەسـەریان کردمـەوە و پەیوەنـدیان پێـوە کـردم و بڕێـك لـە بەرهەمـەکانیان بـینی، دواجـار بڕیاریـان دا کـە بەرهەمـە هـۆرامی یـەکانم بـۆ چـاپ بکـەن لەسـەر ئـەرکی ئەکادیمیای کوردی. و ئەم وشەنامەیە یەکەمین بەرهەمە کە بۆم چاپ بکەن. جێـی خۆیــەتیی منــیش بــە گــەرمی سووپاســیان بکــەم و پێــزانینی خــۆم دەربــبڕم بــۆ سـەرۆکایەتیی ئـەکادیمیای کـوردی. هیـوادارم سـەربەرز و بـەردەوام بـن لـە خزمـەت کردن بە دنیای نوسینی کوردی و دەست گرتنی ئەوانەی لەم بوارەدا بێ دەست و بێ کەسن.

## زمان و وشەی بێگانە

باوەڕم وایە لەم دنیایەدا، بە تایبـەتی لـە سـەدەی بیـستەمدا و بەتایبـەتی تـر لـە ئەمڕۆدا، زمانێك نی یە کە وشەی بێگانەی تێدا نەبێت و تێی نـەخزێت. جا بۆیـە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ ئەو ڕایە کە دەڵێت: ((وشەی بێگانە ئەگەر وای لـێ هـات بە کون و قوژبنی وەڵاتدا بڵاو بۆوە، خوێنـدەوار و نەخوێنـدەواری گـەل توانیـان لـە جێی خۆیا ڕۆژانە بـە ئاسایی بـە کـاری بهێـنن، ئـیتر کـاڵای بێگانەیـەتی لـەو وشـەیە دادەماڵرێت و، ئەبێتە مـوڵکی ئـەو میللەتـە و نابێـت بـە بێگانـە و بـە نـامۆ تەماشـا بکرێت و، دروست نی یە هەوڵی نەهێشتن و سڕینەوەی بدرێت ، چونکە بـەوە زیـان لە خۆ دەدرێت و هیچ زەرەرێك بە بێگانەکە ناگات).

گەلی کورد بە گشتی و هەر لە کۆنەوە ، تێکەڵاویی جۆربەجۆری لەگەڵ تـورك و فارس و عەرەبدا هەبووە، زیاترلە ( ١٤٠٠ ) ساڵە لەگەڵ عەرەبـدا دەژی، هاوخـەبات و هاوتێکۆشان بوون.. باوەڕیان بەیەك کتێبی ئاسمانی هەیە کە ((قورئـان)) ی پـیرۆزە، ئەویش بە زمـانی عـەرەبی . دیـارە ئەمـەش وەهـای کـردووە کـە وشـە لـە نێوانیانـدا ئەمبەر و ئەو بەر بکات و لە هەر دوو لادا ڕیشە دابکوتێت. دەی ئەو وشانە بوونەتە

موڵکی ئەو گەلەش کە ڕۆژانە بەکاریان ئەهێنێ. بەلای منەوە، هەوڵدان بۆ سڕینەوە و دەر کردن و بە گۆڕکردنی ئەو وشانە، بە ناوی بژار کردن و پاك کردنەوەی زمانی نەتەوایـەتی یـەوە، زەرەرێکـی لـەو گـەل و میللەتـە دەدرێـت. هـەر بێـژە و وشـە و زاراوەیەك، کە سەرجەم خەڵکی هۆرامـان، بـە ئاسـانی و سـانایی بـە کـاری ئـەهێنێ و ڕۆژانە بەسەر زاریەوەن، من ئەو وشە و بێژە و زاراوەیە بـە هـۆرامی دائـەنێم و لـەم فەرهەنگەدا جێی ئەکەمەوە، ئیتر ئەو وشەیە لە بنەڕەتا با بێگانەش بێت.

بـەلای منـەوە زمـان خۆشەویـستە.. شـیرینە.. بـەرزە.. پـیرۆزە.. بـەلای منـەوە خۆشویـستن و پارێزگـاری کردنـی زمـان، بـەرگری لێ کـردن و خزمـەت کردنـی، بـژارکردن و پـاك کردنـەوەی، پەرەپێـدان و فـراوان کـردن و بـەرەو پێـشەوە بردنـی، ئەوەندە بەرز و پیرۆزە، وەك (( واجب))، بەڵکو هـەر بـە(( واجـب)) سـەیری دەکـەم، هەر ئەو هەستەش ئەو هەموو ئەرکەی داوە بەسەرما، کە چەند ساڵێك لـە تەمـەنی شیرینی خۆم بە خۆشحاڵی یەوە ببەخشم بە زمانەکەم .. هەر ئـەو هەسـتەش وای لێ کردووم کە چێژ لە شەونخونی و لە ماندوویەتی وەربگرم.

خزمەت کردنی زمان، پێویستی بە ژیری و ئارامی.. بە لێزانی و وەستایەیتی .. بە هەست و دڵسۆزیی .. بە کارکردن و کرانـەوە هەیـە، بـەڵێ، دەبـێ هەمیـشە زمـان بەرەو فراوانی و قوڵی و پاکی و پاڵفتەیی ببرێت، ئەبی لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێـشکەوتنا ئاراستە بکرێت و هەنگاو هەڵبگیرێت، دەبێ هەوڵ بدرێت وشە کۆنە ڕەسەنەکان نوێ و زیندوو بکرێنەوە، بە پێی پێویست و توانا و لەسـەر بنـەڕەت و ڕێزمـانی زمانەکـە وشەی نـوێ دروسـت بکرێـت و دابتاشـرێت، ئەگـەر هـەر چـار نـەبوو و زەروورەتـیش داوای کرد، ئەوسا ئەکرێت وشەی بێگانە بخوازرێت. دیارە بێگانەش هەر کەسێك ببێ هەر بێگانەیە.

لەگەڵ ئەوەدا کە لەگەل ئـەم فەرهەنگـەدا تـەواو مانـدوو بـووم .. لـە شـەش جار زیاتر .. خۆم بە تاك و تـەنیا .. بـە دەسـت خـەتی خـۆم نووسـیومەتەوە ، تـەرتیبی ((هیجـائی)) وشـەکان ئـەو پـەڕی ئەزیـەتی داوم .. تەنانـەت شـەوانیش لـە خـەودا مێشکم هەمان باس و هەمان شریتی لێ ئەدایـەوە و ماندوویـەتیی ڕایدەچڵەکاندم .. لەگەڵ ئەوەشدا کە کارەکەم کارێکی داهێنـان (إبـداعی) ە، چـونکە لـەم ڕووەوە کـەس پێشم نەکەوتووە و ئەم فەرهەنگە یەکەمین فەرهـەنگی شـێوە زمـانی هـۆرامی یـە ..

هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر زۆرم خۆش دەوێت و شانازی پێوە دەکەم .. لەگەڵ ئەو شتانە و چەندین شتی تریشدا، گەڕام بۆ سادەترین و ڕۆح سووك (متواضع) ترین ناو بۆی . دواجار - بە بیری خۆم - ڕێم لێی کەوت و ناوم نا ((**وەرقوڵ**))، واتە ((**بەرکوڵ**)) .

من ناڵێم ((**وەرقوڵ**)) تێر و تەواو و بێ گەردە، ئەکرێت چەندان وشەی لە یاد چووبێت .. ئەکرێ شتانێکی لە خۆ گرتبێ کە ((وتە)) نەبن .. ئەکرێ جار بەجارێ لە ڕووی تەرتیبی هیجائی وشەکانەوە پێش و پاش ڕووی دابێ. ئەبێ ئەوەش بڵێم کە: زار یان زمانی هۆرامی لەوەی کە من نووسیومە، فراوانتر و قوڵ ترە و من هەر ئەمەندەم لێ هەڵگڕاندووە . لە لایەکی ترەوە ئەم فەرهەنگەی من لە بازنەی شێوەزاری هۆرامی ئەم دیو - هۆرامانی عێراق - نە ترازاوە و دەستی بۆ وشەی هۆرامانی ئەودیو - هۆرامانی ئێران - بەدەگمەن نەبێت نەبردووە، بە هیوای ئەوەی کەسێك لە ڕۆڵەکانی ئەوێ، ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو کارە پیرۆزە هەڵسێت.

لێرەدا ئەبێ ئەوەش بگوترێت، کە ئەم فەرهەنگە دەستی بۆ کار ( فعل) نەبردووە. ئەگەر وشەگەلێك بینران و خوێنەر پەنجەی بۆ کێشان و گوتی: ((ووشەکانی وەك: لۆای، ئامای، شی یەی، مەرڎەی و .. هتد. فرمانی ڕابردوون و بکەرەکەشیان کەسی دووەمی تاکە و ((ی)) یەکەی کۆتایی ڕاناوی لکاوە)) . لە وەڵاما پێی دەڵێم: ئەوەی کە تۆ دەیڵێی ڕاستە . بەڵام من لێرەدا وەکو چاوگ هێناومن و چاوگیشن، ئەو ((ی)) ەش کە دەبینرێت ، ئەوە ((ی)) ی چاوگە نەك جێناوی تاکی کەسی دووەم.

شتێکی تری زۆر گرنگ و ڕۆشن لە ((**وەرقوڵ**)) دا دەبینرێت، کەوا لە فەرهەنگە کوردی یەکانی تردا یان بوونی هەر نی یە، یان نابینرێت ، ئەویش باس و باتووری ڕەگەز (جنس) ی نێر و مێ یە. ڕەگەز لە هۆرامی دا زۆر بە ڕوونی و بە نیشانەی ئاشکراوە دەر ئەکەوێ. هەر شتێ بگریت لە هۆرامیدا، جنسەکەی یان نێرە یان مێ. بۆ دەرخستن و نیشاندانی ئەم ڕاستی یە زانستی یە ، من هاتووم ڕەگەزە نێرەکەم کردووە بە بناغە و پێشم خستووە، بە دوای ئەودا نیشانەی لێکدان (×) م داناوە و بەدوای ئەویشدا مێینەکە- کە لە هەمان وشە یان بێژەوە - هاتووە . وەك : ((درێژ × درێژە، باریك × باریکە، کرێکار × کرێکارە، نانەوا × نانەوێ و ... هتد)).

چاوگ - وەك من بزانم - لە زارەکانی تری کوردیدا یەك شێوە (صیغە) ی هەیە، کەچی لە زاری هۆرامیدا - بەتایبەتی چاوگی داڕێژراو و لێکدراو - دوو تا سێ شێوەی هەیە واتاکەشی هەر هەمان واتایە. بۆ نمونە : (داڕشتن ، تێ کردن ) بەم دوو شێوەیە دادەڕێژرێن: ((ئەرەمتەی، ئەنە کەرڎەی))، ((متەیرە/ متەیەرە، کەرڎەینە / کەرڎەیەنە)). نموونەش بۆ ئەو چاوگە لێکدراوانەی کە دووبارە بوونەوە و دووبارە کردنەوە دەگەیەنن . وەك: (( پاك بوونەوە، پاك کردنەوە ) بەم سێ شێوەیە ئەنجام دەدرێن:

١- ((پاك ئەوۆ یی یەی ، پاك ئەوۆ کەرڎەی )).

٢- ((پاك بی یەیۆ، پاك کەرڎەیۆ)).

٣- ((پاکۆ بی یەی ، پاکۆ کەرڎەی)).

دیاردەیەکی تری زۆر لەبەرچاوی ئەم زارە ئەمەیە هەموو شتێك بچووك کراوە (تصغیر) ی هەیە، گەورەترین گەورە هەتا بچووکترین بچووك، پابەند و گەردنکەچی ئەم یاسایەیە. بەڵام من ناچار نەبووبم، دەستم بۆ ئەو دیاردەیە نەبردووە ، هەتا قەبارەی فەرهەنگەکە زۆر قەبە نەبێت و لە قەبارەیەکی بچووکدا بمێنێتەوە. بە کوردی و بە کورتی : هەوڵم داوە کە کورت دادڕیم نەك درێژ دادڕ. من ((**وەرقوڵ**)) م کردووە و ژەمەسەرەکی یەکەم هێشتوەتەوە بۆ کەسانی دوای خۆم .

## چەند سەرنجێك

داوا لە خوێنەری هێژای ئەم فەرهەنگە ئەکەم، لە پێش خوێندنەوەیدا، بەوردیی ئەم چەند سەرنجە بخوێنێتەوە و چاك چاکیش لێیان تێ بگات:

١ - من نەم گوتووە و هەرگیز ناشڵێم کە شێوەزمان یان زاری یاخۆ زمانی هۆرامی هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ ، بەم شێوەیەی ئێستا بووە کەمن نووسیومەتەوە. بەڵام ئەڵێم بە بیرەوەری من تا ئەمڕۆ، خەڵکی هۆرامانی عیراق بەم شێوەیە دواوە و دەدوێ

٢ - هەردوو وشەیەك كە نیشانەی (×) یان لە نێواندا هەیە، ئەوە وشەكەی دەستە ڕاستیان نێر و ئەوەی دەستە چەپیان مێ  یە، ئیتر ڕەگەزەكە حەقیقی بێت یان مەجازی .. ماددی بێت یان مەعنەوی.

٣ - ئەم فەرهەنگە كار (فعل) ی تێدا تۆمار نەكراوە، هەروەها بە دەگمەن و لەبەر زەرورەت نەبێ، ناوی تایبەتیشی نەگرتووەتە خۆ.

٤ - گەلێ وشە هەن كە تایبەتن بە مەحاڵی هۆرامان و میللەتی هۆرامانەوە، هاو واتایان لە سۆرانیدا نی یە، ئەمەش ناچاری كردووم كە بە شەرحێكی زۆر كورت و خەست دەریان ببڕم.

٥ - هەندێ پیت هەن لەهۆرامیدا، كە وەك پاشگر ئەلكێن بە ناوێكەوە، ئەو كاتە واتای وشەیەك یان پێشگر و پاشگرێك دەبەخشن. ئەمە لە سۆرانیدا وێنەی نی یە. وەك: ((ۆ)) كە دەچێتە سەر دەیان وشەی وەك: سەر، بان، پار، شار، هەڵەبجە و ... هتد و دەبێ بە ((سەرۆ: لەسەرەوە / بە سەرەوە .. بانۆ: لە بانەوە .. بە بانەوە .. شارۆ: لە شارەوە / لە شارەوە .. هەڵەبجۆ: لە هەڵەبجەوە / بە هەڵەبجەوە . شتانی تری وەك : ((ۆری، ەرە، ەنە)) شمان لەو جۆرە هەیە.

٦ - ئەم فەرهەنگە، دوورنی یە هەموو شێوە زمانی هۆرامی یان هەمووی هۆرامی نەبێت. واتە، ئەكرێت گەلێ وشە لە یاد كرابێت و گەلێ وشەی نا هۆرامی تێ ئاخنرابێت .

٧ - كاتی خۆی بەڵێنم دابوو كە پاشكۆیەك بۆ ((**وەرقوڵ**)) بنووسم بە ناوی ((**شارۆ و وەرقوڵی**)). سوپاس بۆ خوا، شارۆم كرد و پاشكۆكەشم نووسی، دوای ئەوە لەگەڵ ((وەرقوڵدا)) تێهەڵكێشم كرد و ئەم فەرهەنگەیان پێك هێنا.

٨ - لەوانەیە كەسێك بپرسێت: ئەم فەرهەنگە بۆچی((**هۆرامی** / **سۆرانی** ))ە و، بۆچی هۆرامی و شێوەزارێكی تر نەبێ؟ لە وەڵاما ئەڵێم : ئەگەر بە هۆرامی و شێوەزارێكی تر بووایە ، ئەو كاتە ئەوترا : ئەی بۆچی هۆرامی / سۆرانی نەبێت؟

## شێوە زاری هۆرامی و سۆرانی

هەر كەسێك هەردوو شێوە زارەكە (هۆرامی و سۆرانی) بە باشی بزانێت و بەشێك لە زانستی زمان شارەزا بێت و، بە چاوی دیراسە و لێكۆڵینەوەوە بۆیان

بڕوانێت و سووکەڵە بەراوردێکیان بکات، من وای بۆ دەچم کە سێ بیرۆکە، یاخۆ سێ بۆچوونی لەلا دروست دەبێ، ئەو کەسە خۆیشی نازانێ کام لەو سێ بیرە، یان سێ بۆچوونە لە دوانەکەی تر ڕاست تر و بەجێ ترە. ئەو سێ بیرۆکە و بۆچوونەش ئەمانەن:

١ - کاتێ کە ئەبینێ لە هەردو زارەکەدا، دەیان و هەزاران وشە کوت و مت هەر یەکن - نەك وەك یەك - یەکسەر ئەڵێ : هەردوو زارەکە هەر یەك زارن، یەك شتن . ئەها سەیری ئەم وشانەی هەردوو لا بکە: دەم: دەم، قاچ: قاچ، نان: نان، ئاسمان: ئاسمان، هەوا: هەوا، ڕەق: ڕەق، نەرم: نەرم، پیاڵە: پیاڵە، ساج: ساج ... هتد.

٢ - لە کاتێکا کە دەیان و سەدان وشە ئەبینی لە هەردوو زارەکەدا، کە لە یەکەوە هەر زۆر نزیکن و جیاوازی یەکی ئێجگار کەم لە نێوانیاندا هەیە ، ئیتر یەکسەر دەڵێیت: هەردووکیان دوو لقی نزیك بە یەکی یەك درەختن ، بەڵام جێگە و درێژبوونەوەی ڕۆژگار هەندێ جیاوازی هێناوەتە نێوانیان. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە، سەدان و هەزاران وشەی لەم جۆرەیە: ئاو: ئاوێ، سەر: سەرە، سەرین: سەرەنگا، شەو: شەوە، ڕۆژ: ڕۆ، دەستەڵات: دەسەڵات، با بردوو: ۋا بەرڤە، مردوو، مەرڤە ... هتد.

٣ - بەڵام کاتێك کە دەگەیت بە هەزاران وشەی وەها ، کە نە قەد و نە ڕەگ و نە چاوگیان لە یەك ناچێت و، بۆن و شێوە و لەرە و ئاهەنگ و مۆسیقایان بە قەدەر دووری نێوان ئاسمان و زەوی یە، ئەوسا لە بەردەم ئەم ڕاستی و واقیعەدا، ناچار ئەبێت بەبێ رووپامایی بڵێیت: ((هۆرامی و سۆرانی، باوکیان نەك هەر لە مزگەوتێکدا، بەڵکو لە وەڵاتێکیشدا پێکەوە نوێژێکیان نەکردووە))، وەرە تەماشای ئەم وشانە - هەر بۆ نموونە - بکە ، بزانە چەندێ لێکتر جیاواز و لە یەکەوە دوورن: کەو: ژەرەژی، گورچیلە: ۋڵك، کولاَن: گریای، ئانیشك : هەرەژنە، قەزوان: ۋەنی، کراس: گجی، ئەسپێ: هەشپشی، خانوو: یانە ..... هتد.

ئەم بڕیاردان و بڕیار کاریی یە کاری من نی یە. کارێکی لەم جۆرە پیاوی تایبەتی خۆی ئەوێ، مێژوو و بەڵگەی مێژوویی دەوێ، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی گەرەکە، بەڵگەی زیندوو و زانستی یانە دەخوازێ، کارێکی ساف و سۆڵ و ئاسان نی یە. کاری منیش لێرەدا دانانی فەرهەنگێکە و بەس.

من هەر ئەوەندە دەتوانم کە بڵێم: هۆرامی و سۆرانی لە لایەنی جوگرافیی و سوکنابوونەوە لە یەکترەوە زۆر نزیکن، مامەڵە و تێگەلاویی و هەڵسو کەوتیان پێکەوە زۆر و دێرین و گەرم و گوڕە، ئەم ڕەگەزانەش بە درێژایی مێژووی پێکەوە بوونیان، دیارە کاری سروشتی و ڕەنگدانەوەی کاریگەرییان هەبووە لەسەر هەردوولا.

## پیتەکانی زاری هۆرامی

پیتەکانی نووسینی ئەم فەرهەنگە ، هەر ئەو پیتانەن کە سەدان ساڵە لە ناوماندا باون و، زمانی کوردییان لە عیراقدا پێ دەنووسرێت. ئەم پیتانە لە ناوماندا بە ((ئەلف و با)) ی عەرەبی ناسراون، کە عەرەبیش وەك میراتیی لە ئارامی یەکانەوە بۆیان بەجێ ماون. ئەو پیتانەی کە تاکو ئێستا زمانی کوردییمان پێ نووسیونەتەوە، ئەم بیست و حەوت پیتەن: ((ئ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ق، ڤ، گ، ك، ل، م، ن، و، هـ، ی)). دیارە هەر یەکە لە ((ر، ل)) دوو جۆری هەیە کە باریك و قەڵەوە .. هەروەها هەریەکە لە ((و ، ی)) سێ جۆری هەیە: ((و، ۆ، وو .. ێ، ی، یی)) .

بەڕای من ئەم پیتانە لە بارن بۆ نووسینی زاری هۆرامی، دەتوانن لە سەدا نەوەد و نۆی زمانی کوردی — بە گشتی - بنووسن. ئەوەندە هەیە، زۆربی سەر و بۆر و ژێرە و زۆریی ددانەکانی ((س، ش)) و، زۆریی ژمارەی خاڵەکانی هەندێ لەو پیتانە، کاری زوو نوسین بۆ نووسەر شێنەیی ئەکات و دوای ئەخات .

بۆ نووسینی زاری هۆرامی بەو پیتانە، پێویستمان بەم چوار شێوە پیتەی تر هەیە:

١ - پیتی ((ڎ)) کە پیتی ((دال)) ە وسێ خاڵی ئەخرێتە سەر. دەنگی ئەم پیتە لە زارەکانی تردا نی یە، تەنها و تەنها هۆرامی زانێکی کارامە ئەتوانێت وەك خۆی دەری ببڕێت، هەر وەك چۆن پیتی ((ج)) تەنها عەرەب یان عەرەبی زانێکی کارامە دەتوانێ دەری ببڕێ. پیتی ((ڎ)) پیتێکی نەبزوێنە و هەمیشە ئەکەوێتە سەرەتا یان کۆتایی بڕگەوە . وەك: دڎان، مەکڎان، چەنڎان، بەهرەمەنڎ، دڵشاڎ، مراڎ ... هتد)).

٢ - پیتی (( ۆ)) ، كە ((واو)) یكە و هەشـتێكی بـچووكی بەسـەرەوە ئـەكرێت. ئەم پیتە دەنگی ((ڤ)) ی لێ ئەبیسترێت، نابێتە بزوێن ، ئەكەوێتە سـەرەتا و كۆتـایی بڕگەوە، بڕوام وایە لە بنەڕەتا ((ڤ)) بووبێت و گۆڕانی بەسەرا هاتبێ . تەماشای ئەم وشانە بكە: ((ۆاران، ۆەرۆە، ۆێرەگا، شەۆێ، ئاۆی، گاۆ، نۆباۆ، گولاۆ، پلاۆ ..... هتد)).

٣ - پـیتی (( ۆ)) كـە پـیتی ((واو)) ە و زەنـە (سـكون) یكـی بـچكۆلانەی بەسەرەوە ئەكرێت. دەنگی ئـەم پیتـە ئەكەوێتـە نێوان دەنگی ئـەم دوو واوەوە ((و، ۆ)). پیتێكی بزوێنە و هەرگیز ناكەوێتە سەرەتای بڕگەوە . سەرنج لەم وشـانە بـدە: ((برۆ، مرۆ، دۆ، كۆ، ڕۆڵە، تۆپە، كرۆڵ، دهۆڵ، ماسۆڵكە، زەنگۆڵ ... هتد )) .

٤ - پـیتی ((ێ))، كـە ((ی)) یـەكی نیمـچە كـراوە یـە و بازنەیـەكی بـچووكی ئەخرێتـە سـەر. ئەكەوێتـە نێـوان دەنگـی ((ی)) و ((ێ)). هـەرگیز لـە سـەرەتای بڕگـەوە نایـەت، دەكەوێتـە ناوەڕاسـت یـان كۆتـایی بڕگـەوە، چـونكە بزوێنـە . وەك: ((تێر، سـێر، دلێنـە، شـەوێ، پێـوە، كناچێ، كوولـەكێ، مـووری، كێلانـێ ... هتـد)) . هەروەها دەبێتە نیـشانەی سـەرەكیی كـۆ لـە زاری هۆرامییـدا. بـۆ نموونـە : زارۆڵـێ : منالان ، كوڕێ : كوڕان، كناچێ: كچان، بزێ: بزنـان، تـەوەنێ: بـەردان، ساۆێ: سـێوان ... هتد .

ئەو نیشانانەی كە دەخرێنە سەر (( ۆ، ۆ، ێ )) داهێنانی منە و هیچ كەس پێشم نەكەوتووە، ئـەكرێت بڵێم كـە كەشـف كردنـی ئـەو سـێ پیتـە كـاری مـن بـوو. بـەلام كەشـف كـردن و نیـشانە دانـان چ وەك سـێ خـاڵ یـان چ وەك هەشـتێك بـۆ ((د)) و كردنی بە ((ڎ / ڎ))، لە سەرەتای شەستەكانەوە سەری هەڵداوە. بـەم جـۆرە هـەرگیز نابێت و ناكرێت دەست بەرداری ئەو چوار شێوە پیتـە بـبین، چـونكە زاری هـۆرامی بەبێ ئەوانە هـەرگیز وەكـو خـۆی نانوسـرێت. ئـەو كەسـانەش كـە ((ۆ)) بـە ((ۆ)) و ((ێ)) بە ((ێ)) دەنووسن، تەواو هەڵەن و ئەوەی دەینووسـن هەڵەیـە و شـتانی جـۆر بە جۆر تێكەڵ بە یەكتر ئەكەن .

لە كۆتایی ئەم پێشەكی و باسانەدا، بـە وێرانـەوە ئـەتوانم بڵێم: زمـان یـان زاری هۆرامی، خـۆی بـۆ خـۆی دەریایـەكی فراوانـی قـووڵی پـڕ لـە مرواریـی یـە. كەسـانی مەلەوانی زانا و دڵسۆز و دەست پاك و لێ بڕاو و مانـدوو نەناسـی ئـەوێت، هـەتا ئـەو مرواریيانە لە بنی ئەو دەریایـەدا دەر بێـنن و، لـە پیـشانگادا بینـەران و شـەیدایان و

کڕیارانیان لێ کۆ بکەنەوە. مەر هەر ئەو کاتە گرنگیی و مەزنایەتی زاری هۆرامی وەك خۆی دەر بکەوێت .

داخەکەم ! ئەم زارە دەیان ساڵە کەساس و بێ ناز و هەتیو و بێ کەس کەوتووە .. خراوەتە لاوە و پشت گوێ خراوە .. پەردەی ڕەشی فەرامۆشی بەسەر ڕوخسار و ناوەڕۆکە بەهادار و قەشنگەکەیدا کێشراوە .. لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی گوڕ و تینی خۆیەوە، هەر بە زیندوویەتی و تەڕ و پاراوی ماوەتەوە و، سیفات و تایبەتمەندیی یەکانی خۆی بە ئەمانەتەوە هێشتووەتەوە .

من لەم کۆتایی یەی تەمەنمەوە، وەك ڕۆڵەیەکی ئەم زارە، هەستم بزواوە و کەللەم هاتۆتە جۆش، شەیدایی و ئەوینی مەلە کردنی نێو ئەم دەریایە، سەراپای داگیر کردووم. نیاز و ئارەزوو و ئاواتم ئەمەیە، ئەوەی سەبارەت بەم زارە ئەیزانم و ئەیتوانم، درێغی نەکەم و ئەنجامی بدەم. تا ئەو ڕۆژەی کە دڵم لە لێدان ئەکەوێت، بە دڵسۆزانە خزمەتی بکەم. بەڕاستی زمانەکەم وەك شاخەکانی هۆرامان بڵندە .. وەك گوڵ و گوڵاڵە و دار و درەختەکانی ڕەنگین و بۆن خۆشە .. هەروەك کانیاو و تاڤگەکانی زوڵاڵە .. قووڵی و فراوانی یەکەشی، لەقووڵایی و فراوانی بیر و مێشك و خەیاڵی میللەتی هۆرامانەوە سەرچاوەی گرتووە .

**جمال حبیب الله فرج ((بێدار))**

**هەڵەبجەی شەهید .**

**٢٤ / شوباتی / ٢٠٠٦ ز بەرامبەر ٢٥ / موحەڕڕەمی / ١٤٢٧ ك .**

# ئـ

## پیتی ئیْ (ئـ)

**ئـ:** یەکەمین پیتی زمانەکەمان. پیتێکە لە زاری نەخۆش لە کاتی ناڵاندنا دێتە دەر. پیتی گاڵتە پێ کردنە.

**ئـا:** ئـا. بەڵێ. ئەو. ئەو. ئامرازی پرسیار کردنە. سەرسوڕمانە. ئامرازی وریاکردنەوە و هاندانە.ئامرازی نیشاندانە.

**ئائـا:** بەڵێ بەڵێ. ئامرازی سەرسوڕمانی زۆر.

**ئائانە ، ئائانێ:** ئائەوە. ئەو کاتە. ئائەوانە.

**ئـا ئوونە ، ئـائونێ:** ئائەوە، ئائەوانە. ئامرازی ئیشارەتە بۆ دوورتر.

**ئا ئی... ە ، ئا ئی...ێ:** ئەو... ە

**ئا ئینە ، ئا ئینێ:** ئا ئەمە. ئا ئەمانە.

**ئاب:** ئاب. هەشتەمین مانگی زاییینی.

**ئابا:** دا لاچۆ.نیشانم بدە.

**ئاباڎ:** باپیران.

**ئاباڎۆ:** لە باپیرانەوە.

**ئاباڎۆری:** لە باپیراندا لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

**ئاباڎەرە:** لە باپیراندا لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

**ئاباڎەنە:** لەناو باپیراندا.

**ئابڵۆقە:** ئابڵۆقە.

**ئابڵۆقەدای:** ئابڵۆقەدان.

**ئابڵۆقە دریا ، ئابڵۆقە دریێ:** ئابڵۆقە دراو.

**ئابڵۆقە دریای:** ئابڵۆقە دران.

**ئابڵۆقە دەر ، ئابڵۆقە دەرە:** ئابڵۆقە دەر.

**ئابڵۆقەنە:** لە ئابڵۆقەدا.

**ئابووری:** ئابووری.

**ئابووری زان ، ئابووری زانە:** ئابووری زان.

**ئابووری زانی:** زانستی ئابووری زانی.

**ئابووری زانیەنە:** لە ئابووری زانیندا.

**ئابووری یەرە:** بەسەر ئابووریدا.

**ئابوونە:** ئابوونە.

**ئابوونەدای:** ئابوونەدان.

**ئابوونەدەر:** ئابوونەدەرە. ئابوونەدەر.

**ئاتاج ، ئاتاجە:** ئاتاج. نەدارا و داماو.

**ئاتاج بی یە ، ئاتابیێ:** ئاتاج بۆ بووگ.

**ئاتاج بی یەی:** ئاتاج بوون.

**ئاتاج بی یەیۆ:** ئاتاج بوونەوە.

**ئاتاج بی یەیەنە:** لە ئاتاج بووندا.

**ئاتاج کەرڎەی:** ئاتاج کردن.
**ئاتاج کەرڎەیەنە :** لە ئاتاج کردندا.
**ئاتاجی:** ئاتاجی. نەداریی و داماویی.
**ئاتاجییێنە :** لە ئاتاجییدا.
**ئاتەش:** ئاتەش. ئاگر.
**ئاتەشپرس ، ئاتەشپرسە :** ئاگر پەرست.
**ئاتەشپرسی :** ئاتەشپرسی. ئاگر پەرستی.
**ئاتەشپرسینە :** لە ئاگرپەرستیدا.
**ئاتەشخانە :** ئاتەشخانە.
**ئاتەش خانۆری:** بە ئەرتەشخانەدا بەرەو ژوور.
**ئاتەشخانەنە :** لە ئاتەشخانەدا.
**ئاتەشگا :** ئاتەشگا. جێگای ئاگری ئاگرپەرست.
**ئاتەشگانە :** لە ئاتەشگادا.
**ئاتەشی ، ئاتەشی یە :** تووڕەی زوو هەڵچوو.
**ئاجوج و ماجوج:** یاجوج و ماجوج.
**ئاجیل:** ئاجیل. جۆرە چەرەسێکە.
**ئاجیلەنە :** لە ئاجیلدا.
**ئاچۆخ ، ئاچۆخە :** کراوە. والا. ئاوەڵا. ئاچۆخ.
**ئاچۆخ بی یە ، ئاچۆخ بیێ:** ئاوەڵاکراو. ئاوەڵابووگ.
**ئاچۆخ بی یەی:** ئاچۆخ بوون.
**ئاچۆخ بی یەیەنە :** لە ئاچۆخ بووندا.

**ئاچۆخ کریای:** ئاچۆخ کران.
**ئاچۆخ کەرڎەی:** ئاچۆکردن.
**ئاچۆخ کەرڎەیەنە :** لە ئاچۆخ کردندا.
**ئاچۆخی:** ئاچۆخی.کراوەیی.
**ئاخ :** ئاخ.
**ئاخ ئازیز:** ناوی گۆرانی یەکی هۆرامی یە.
**ئاخ بڕ ، ئاخ بڕە:** ئاخ و ئاوات بڕ.
**ئاخ بڕیای :** ئاخ و ئاوات بڕان و هاتنە دی ئاوات.
**ئاخ بڕیەی :** ئاخ و ئاوات بڕیەی.
**ئاخر:** ئاخر.کۆتایی. دەی مەگەر. ئیتر.
**ئاخر ئارڎەی:** کۆتایی هێنان.
**ئاخر ئارڎەیەنە :** لە کۆتایی هێناندا.
**ئاخر ئامای:** کۆتایی هاتن.
**ئاخر ئامایەنە :** لە کۆتایی هاتندا.
**ئاخر ئاورڎەی :** کۆتایی هێنان.
**ئاخر ئاورڎەیەنە :** لە کۆتایی هێناندا.
**ئاخر خێر ، ئاخر خێرە:** ئاخر خێر.
**ئاخر خێری یەنە :** ئاخر لە خێرییدا.
**ئاخر خێری:** ئاخر خێریی. ئەنجام پاکیی.
**ئاخر زەمان :** ئاخر زەمان.
**ئاخرش :** ئاخری. ئەنجامی. لە دواییدا.
**ئاخر شەڕ ، ئاخر شەڕە:** ئاخر شەڕ.
**ئاخر شەڕ بی یە ، ئاخر شەڕ بیێ :** ئاخر شەڕ بووگ.
**ئاخر شەڕ بی یەی :** ئاخر شەڕبوون.

**ئاخر شەڕکەرژەی:** ئاخر شەڕکردن.

**ئاخر شەڕکەرژەیەنە:** لە ئاخر شەڕکردندا.

**ئاخر شەڕی:** ئاخر شەڕی. ئەنجام خراپی.

**ئاخرۆ:** لە دواییدا.

**ئاخر و ئۆخر:** ئاخر و ئۆخر.

**ئاخرەمین ، ئاخرەمینە:** ئاخرەمین.

**ئاخزە :** ئاخزە جگەرە. قنگە جگەرە.

**ئاخ لاوە لاوە:** گۆرانی یەکی هۆرامی یە.

**ئاخۆ:** ئاخۆ.

**ئاخ و تف:** ئاخ و تف.

**ئاخ و داخ:** ئاخ وداخ. ئاه حەسرەت و خەم.

**ئاخۆم :** ئاخۆ. ئاخوا.

**ئاخوون ، ئاخوونە:** ئاخوون. پێشەوای ئایینی شیعە.

**ئاخوونەنە:** لە ناو ئاخووندا.

**ئاخ هۆرکێش ، ئاخ هۆرکێشە:** ئاخ هەڵکێش.

**ئاخ هۆرکێشای:** ئاخ هەڵکێشان.

**ئاخ هۆرکێشاینە:** لە ئاخ هەڵێکشاندا.

**ئاخ هۆر کێشتەی:** ئاخ هەڵکێشان.

**ئاخ هۆرکێشتەینە:** لە ئاخ هەڵکێشاندا.

**ئاخەنای:** ئاخنین.

**ئاخەناینە:** تێ ئاخنین.

**ئاخەنیا ، ئاخەنیێ:** ئاخنراو.

**ئاخەنیای:** ئاخنران.

**ئاخەنیایەنە:** تێ ئاخنران.

**ئاخەنیەی :** ئاخنین.

**ئاخەنیەیەنە:** لە ئاخنیندا.

**ئاخیرەت:** دوارۆژ. قیامەت.

**ئاڎ ، ئاڎە:** ئەو.

**ئاڎاب :** ئاداب. دەستوور و ئوسووڵ.

**ئادابەنە :** لە ئادابدا.لە دەستوور و ئوسووڵدا.

**ئاڎا فام ، ئاڎا فامە:** ئوسووڵ زان. ئاداب زان.

**ئاڎافامی:** ئاداب فامی. ئوسووڵ زانی.

**ئاڎا فامینە:** لە ئاداب فامیدا.

**ئاڎەس:** ئەو بەر.

**ئاڎەم :** ئادەم. باپیرەگەورەی ئادەمی.

**ئاڎەمۆ:** لە ئادەمەوە.

**ئاڎەمی ،** ئاڎەمی یە: ئادەمی.

**ئاڎەمیانە ، ئاڎەمیانێ:** هەرچی کەوا شیاوی مرۆڤ بێت.

**ئاڎەمیزاد :** ئادەمیزاد.

**ئادەی : ئادەی.** ووشەی هاندان و دەست پێ کردن.

**ئاڎێ :** ئەوان.

**ئاڎیۆ:** لەوەوە.

**ئاڎیۆری:** لەوەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

**ئاڎیەرە:** لە وەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

**ئاڎیەنە ، ئاڎێنە:** لە ئەودا.

**ئار:** ئاگر.

**ئارا:** ئارا. جێگا. وجوود.

**ئاراستە ، ئاراستێ :** ئاراستە.

**ئاراستە کریا ، ئاراستەکریێ:** ئاراستە کراو.

**ئاڕاسته کریای:** ئاڕاسته کران.

**ئاڕاستەکریایەنە:** لە ئاڕاستەکراندا.

**ئاڕاستەکەر ، ئاڕاستەکەرە:** ئاڕاستەکەر.

**ئاڕاستە کەرڎەی:** ئاڕاستەکردن.

**ئاڕاستەکەردەیەنە:** لە ئاڕاستەکەردندا.

**ئارام ، ئارامە:** ئارام.

**ئارام ئەوەبی یە ، ئارام ئەوەبیێ:** ئارامەوەبووگ.

**ئارام ئەوە بی یەی:** ئارامبوونەوە.

**ئارام ئەوە کریا ، ئارام ئەوەکریێ :** ئارام کراوە.

**ئارام ئەوە کریای:** ئارام کرانەوە.

**ئارام ئەوە کەر ، ئارام ئەوە کەرە:** ئارام کەرەوە.

**ئارام ئەوە کەرڎەی :** ئارام کردنەوە.

**ئارام ئەوە کەرڎەیەنە:** لە ئارام کردنەوەدا.

**ئارام بڕیای:** ئارام بڕان.

**ئارام بڕیەی:** ئارام بڕین.

**ئارام بی یەی:** ئارام بوون.

**ئارام بی یەیۆ:** ئارام بوونەوە.

**ئارامگا:** ئارامگا. گۆڕ.

**ئارامگانە:** لە ئارامگادا.

**ئارام گرتەی :** ئارام گرتن.

**ئارامگرتەیەنە:** لە ئارامگرتندا.

**ئارامۆ بی یە ، ئارامۆ بیێ :** ئارامەوە بووگ.

**ئارامۆ بی یەی:** ئارام بوونەوە.

**ئارامۆ کریا ، ئارامۆ کریێ:** ئارامەوە کراو.

**ئارامۆ کریای :** ئارام کرانەوە.

**ئارامۆ کەر ، ئارامۆکەرە:** ئارام کەرەوە.

**ئارامۆ کەرڎەی :** ئارام کردنەوە.

**ئارامۆ کەردەیەنە:** لە ئارام کردنەوەدا.

**ئارام وَنەبڕیای:** ئارام لێ بڕان.

**ئارام وَنەبڕیەی:** ئارام لێ بڕین.

**ئارام وَنە هۆرگێرتەی:** ئارام هەلگرتن.

**ئارام وَنە هۆرگێریای:** ئارام هەلگیران.

**ئارام وەنە بڕیای:** ئارام لێ بڕان.

**ئارام وەنە بڕیەی:** ئارام لێ بڕین.

**ئارام وەنە هۆرگێرتەی:** ئارام هەلگرتن.

**ئارام وەنە هۆرگێریای:** ئارام لێ هەلگیران.

**ئارامی :** ئارامی.

**ئارامی بەخش ، ئارامی بەخشە:** ئارامی بەخش.

**ئارامی بەخشای :** ئارامی بەخشین.

**ئارامی یەنە:** لە ئارامیدا.

**ئاراوَە :** ئاراو.

**ئاراوَەرە:** بە ئاراودا.

**ئاراوَەنە:** لە ئاراودا.

**ئارایيش :** ئارایش. ڕازاوەیی.

**ئارایيش دای:** ئارایش دان.

**ئارایيش دایەنە:** لە ئارایشدانا.

**ئارایيش دریا ، ئارایيش دریێ :** ئارایيش دراو.

**ئارایيش دریای:** ئارایش دران.

**ئارایيش کاری :** ئارایش کاری. جوانکاریی.

**ئـارایيش کریـا ، ئـارایيش کریـێ:** ئـارایش کراو.

**ئارایيش کریای:** ئارایش کران.

**ئارایشکەر ، ئارایيشکەرە:** ئارایشکەر.

**ئارایيش کەرڎەی:** ئارایش کردن.

**ئارڎەی :** هێنان.

**ئارڎەیراوە:** داهێنانەوە.

**ئارڎەیرە:** داهێنان.

**ئارڎەیناوە:** هێنانەوە ناو بۆ جاری دووەم.

**ئارڎەینە:** داهێنان. ئیختیراع.

**ئارڎەیەنە:** داهێنان. ئیختیراع.

**ئارڎەیۆ:** هێنانەوە.

**ئارڎەیۆ باڵێ:** پەلە پێ کردنی زۆر.

**ئارڎەیۆگا:** هێنانەوە جێ.

**ئارڎەیۆما:** کەوچك تـێ ڕادان و پێگەیانـدنی چێشتی دۆکولێو.

**ئارڎەیۆ ۆیر :** وەبیر هێنانەوە.

**ئارڎەیۆ یاڎ:** هێنانەوە یاد.

**ئارڎەیەرە:** داهێنان.

**ئارڎەیەنە :** داهێنان (ئیختراع).

**ئارڎی:** ئارد.

**ئارڎین ، ئارڎینە:** ئارداوی.

**ئارڎین بی یەی:** ئارداوی بوون.

**ئارڎین کریا ، ئارڎین کریێ:** ئارداوی کراو.

**ئارڎین کریای:** ئارداویی کران.

**ئارڎین کەرڎەی:** ئارداوی کردن.

**ئارڎیۆ :** بە ئاردەوە.

**ئارڎیەرە:** بە ئارددا.

**ئارڎیەنە:** لە ئارددا.

**ئارگا:** ئارگردان.

**ئارگانە :** لە ئاگردانـدا.

**ئارۆ :** ئەمڕۆ.

**ئارۆ پۆلاوە:** ئەمڕۆ بە لاوە.

**ئارۆ پی لاوە:** لە ئەمڕۆ بەم لاوە.

**ئارۆ سوبحێ:** بەیانی ئەمڕۆ. ئەمڕۆ بەیانی.

**ئـار و مـوور ، ئـارو مـوورە:** مـورك و مایـە. سەنگین.

**ئار و مووری:** سەنگینی و هێمنی مەردوم.

**ئارۆنە :** لە ئەمڕۆدا.

**ئارۆ و سەبای:** ئەمڕۆ و سبەینێ.

**ئارۆ و سەبای پنە کەرڎەی:** دەسی دەسی پـێ کردن.

**ئارۆ و سەبای پەنە کەرڎەی:** دەسی دەسی پێ کردن.

**ئارۆ و سەوای:** ئەمڕۆ و سبەی.

**ئارۆ و سەوای پنە کەرڎەی:** دەسـی دەسـی پـێ کردن.

**ئارۆ و سەوای پەنە کەرڎەی:** دەسی دەسی پێ کردن.

**ئارۆۆە:** لە ئەمڕۆوە.

**ئارۆۆە دمای:** لەئەمڕۆ بە دواوە.

**ئارۆۆە لای:** لە ئەمڕۆ بەو لاوە.

**ئارەزوو:** ئارەزوو.

**ئارەزوو باز ، ئارەزوو بازە:** ئارەزوو باز.

**ئارەزووبازی** : ئارەزووبازی. هەوەسبازی.

**ئارەزووبازینە** : لە ئارەزووبازیدا.

**ئارەزووبازیەنە** : لە ئارەزووبازیدا.

**ئارەزووکەرڎەی**: ئارەزووکردن.

**ئارەزووکەردەیەنە** : لە ئارەزووکردندا.

**ئارەزوومەنڎ ، ئارەزومەنڎە**: ئارەزوومەند.

**ئارەزوومەنڎی**: ئارەزوومەندی.

**ئارەزوومەنڎی یەنە** : لە ئارەزوومەندیدا.

**ئارەق**: ئارەق.

**ئارەقاوی ، ئارەقاویە** : ئارەقاوی.

**ئارەقخانە** : ئارەقخانە.

**ئارەق خانەنە** : لە ئارەقخانەدا.

**ئارەق بەردای**: ئارەق دەردان.

**ئارەق بەردایەنە** : لە ئارەق دەرداندا.

**ئارەق چنە** : تەقیلە. ئارەقگیر.

**ئارەق کەرڎەی**: ئارەق کردن.

**ئارەق کەرڎەینە** : لە ئارەق کردندا.

**ئارەق گرتەی**: ئارەق گرتن.

**ئارەق گرتەیەنە** : لە ئارەق گرتندا.

**ئارەق وارڎەی**: ئارەق خواردنەوە.

**ئارەق ۆرەش ، ئارەق ۆرەشە** : ئارەق فرۆش.

**ئارەق ۆرەشی** : پیشەی ئارەق فرۆشتن.

**ئارەق ۆرەشیۆ**: لە ئارەق فرۆشتنەوە.

**ئارەق ۆرەشی یەنە** : لە ئارەق فرۆشتندا.

**ئارەقین ، ئارەقینە** : ئارەقاوی.

**ئارەو ، ئارەوە**: عەرەب.

**ئارەوۆ** : لە عەرەبەوە.

**ئارەوی**: عەرەبی. زمانی عەرەبی.

**ئاری ، ئاریە** : ئاری.

**ئاریایی ، ئاریایی یە** : ئاریایی.

**ئازا ، ئازێ** : ئازا. خێرا. بە جەرگ.

**ئازا ئەوَە بی یەی**: ئازا بوونەوە.

**ئازا ئەوَە کەرڎەی**: ئازا کردنەوە.

**ئازا بی یە ، ئازێ بیێ**: ئازا بووگ.

**ئازا بی یەی**: ئازابوون. خێرابوون.

**ئازا بی یەیەنە** : لە ئازابووندا.

**ئازاڎ ، ئازاڎە** : ئازاد. سەربەخۆ.

**ئازاڎانە ، ئازاڎانێ** : ئازادانە.

**ئازادبی یە ، ئازادبیێ**: ئازاد بووگ.

**ئازاڎی یەی**: ئازاد بوون.

**ئازاد بی یەیۆ**: ئازاد بوونەوە.

**ئازاڎ بی یەیەنە** : لە ئازاد بووندا.

**ئازاڎ کریا ، ئازاڎ کریێ**: ئازاد کران.

**ئازاڎ کریای**: ئازاد کران.

**ئازاڎ کریایەنە** : لەئازاد کردندا.

**ئازاڎ کەر ، ئازاد کەرە**: ئازاد کەر.

**ئازاڎ کەرڎەی**: ئازاد کردن.

**ئازاڎ کەرڎەیۆ**: ئازاد کردنەوە.

**ئازاڎ کەرڎەیەنە** : لە ئازادکردندا.

**ئازاڎی**: ئازادی.

**ئازاڎیخوا ، ئازاڎیخوێ** : ئازادیخوا.

**ئازاڎیخواه ، ئازاڎیخواهە** : ئازادیخواه.

**ئازاڎیخواهی:** ئازادیخواهی.

**ئازاڎیخوایی:** ئازادیخوایی.

**ئازاڎیۆ:** بە ئازادی یەوە.

**ئازاڎی یەنە:** لە ئازادیدا.

**ئازار :** مانگی ئازار.

**ئازار دای:** ئازار دان.

**ئازار دریا ، ئازار دریێ:** ئازار دراو.

**ئازار دریای :** ئازار دران.

**ئازار دریایەنە:** لە ئازار دراندا.

**ئازار دەر ، ئازار دەرە:** ئازار دەر.

**ئازارۆ:** لە مانگی ئازارەوە.

**ئازارە:** ئازار. ئێش. دەرد.

**ئازا کەرڎەی :** ئازا کردن. پەلەکردن.

**ئازایانە:** بە شێوەیەکی ئازا. بەپەلە.

**ئازایەتی :** ئازایەتی.

**ئازایی:** ئازایی.

**ئازایی یەنە:** لە ئازایەتییدا.

**ئازتەی:** هێشتن. هێڵان.

**ئازتەی پۆ :** پێو هێشتن. پێوە هێڵان.

**ئازتەی پۆرە:** پیاهێڵان. پێدا کردن.

**ئازتەی پۆری:** پیاهێڵان. پیاکردن.

**ئازتەی پۆوە:** پێوە هێشتن. پێوە هێڵان.

**ئازتەی پنە:** پێ هێشتن.

**ئازتەی پەنە:** پێ هێشتن.

**ئازتەی جیا:** بەجێ هێشتن.

**ئازتەی چنە:** تێدا هێشتن.

**ئازتەی چەنە:** تێدا هێشتن.

**ئازتەیرە:** داهێڵان. شۆڕکردنەوە.

**ئازتەینە:** پیاکردن. پیا چەقاندن.

**ئازتەیۆ:** هێشتنەوە.

**ئازتەیۆ پنە:** پێ هێشتنەوە.

**ئازتەیۆ پۆیەنە:** هێشتنەوەی شت لە سنووری خۆیدا.

**ئازتەیۆ پەنە:** پێ هێشتنەوە.

**ئازتەیۆ چنە:** تێدا هێشتنەوە.

**ئازتەی وارە:** دانە بەرهەوا. کردن بە بادا.

**ئازتەی وێرە:** گووی تەڕ بە خۆدا کردن.

**ئازتەیەرە:** داهێڵان.

**ئازتەیەنە:** پیا کردن. پیا چەقاندن.

**ئازۆخە:** ئازووخە.

**ئازۆقە:** ئازووخە.

**ئازەب ، ئازەبە:** ئازەب. عارەب.

**ئازەبانە ، ئازەبانێ :** شتێ کە تایبەتی ئازەب بێ.

**ئازەبە:** زیبکەی عازەبی.

**ئازەبەنە:** لەناو عازەبدا. لە عازەبدا.

**ئازەبی:** عازەبی. تەمەن و ژیانی عازب.

**ئازەبی یەنە:** لە سەردومی عازبیدا.

**ئازیز ، ئازیزە:** ئازیز. خۆشەویست.

**ئازیز بەگیانت:** ناوی گۆرانی یەکی هۆرامی یە.

**ئازیز بی یەی:** خۆشەویست بوون.

**ئازیز کەرڎەی :** خۆشەویست کردن.

**ئازیز مەرڎە ، ئازیز مەرڎێ:** ئازیز مردوو.

**ئازیز مەرڎەی :** ئازیز مردن.

**ئازیزی** : ئازیزی.
**ئاژوله ئەوە نیای**: ئاژاوه نانەوه.
**ئاژوله چی ، ئاژوله چی یه** : ئاژاوه چی.
**ئاژوله کەر ، ئاژوله کەره**: ئاژاوه گێڕ.
**ئاژوله کەرذەی**: ئاژاوەگێڕان.
**ئاژوله نیایۆ**: ئاژاوه نانەوه.
**ئاژوله هۆرگرنای**: ئاژاوه هەڵگیرساندن.
**ئاژوله هۆرگسینای**: ئاژاوه هەڵگیرساندن.
**ئاژولێ** : ئاژاوه.
**ئاژولێنه** : له ئاژاوەدا.
**ئاژە**: بار و دۆخ. وەزع.
**ئاژەڵ**: ئاژەڵ.
**ئاژەڵدار ، ئاژەڵداره**: ئاژەڵدار.
**ئاژەڵداری**: ئاژەڵداری.
**ئاژەڵداریۆ**: له ئاژەڵداری یەوه.
**ئاژەڵداری یەنه** : له ئاژەڵداریدا.
**ئاژەڵی**: به شێوەی ئاژەڵ.
**ئاژەنای**: ئاژەنین.
**ئاژەنیا ، ئاژەنیێ**: ئاژەنراو.
**ئاژەنیای**: ئاژەنران.
**ئاژەنیەی**: ئاژەنین.
**ئاژەنینه** : له ئاژەنیندا.
**ئـاژین**: دابـەش کـردن و پـەخش بوونـەوەی ئاو بەسەرباخ یا کشتوکاڵدا به ڕێك و پێکی.
**ئاژین بی یەی**: دابەشبوونی ئاو بەو جۆرەی ووتمان.
**ئـــاژین کـــەرذەی**: دابـەش کردنـی ئـاو بـەو جۆرەی ووتمان.
**ئاس** : ئاست.
**ئاسا**: ئاسا. وەك. چەشن و شێوه.
**ئاساره**: ئاسار. شوێنەوار.
**ئاسان ، ئاسانه** : ئاسان.
**ئاسان بی یەی**: ئاسان بوون.
**ئاسان کاری**: ئاسان کاری.
**ئاسان کریا ، ئاسان کریێ**: ئاسان کراو.
**ئاسان کریای**: ئاسان کران.
**ئاسان کەر ، ئاسان کەره**: ئاسان کەر.
**ئاسان کەرذەی**: ئاسان کردن.
**ئاسان کەرذەیەنه** : له ئاسان کردندا.
**ئاسانۆ**: له ئاسانەوه.
**ئاسانه** : ئاسانه. ئاستانه.
**ئاسانەنه** : له ئاساندا. له ئاستاندا.
**ئاسانی**: ئاسانی.
**ئاسانێ**: کار بۆ پێکهاتن به ئاسانی.
**ئاساوْ**: ئاش.
**ئاساوْان ، ئاساوْانه** : ئاشەوان.
**ئاساوْانی**: ئاشەوانی.
**ئاساوْگا** : ئاشگا. جێگای ئاش.
**ئاساوْگه** : ئاشگا. جێگای ئاش.
**ئاساوْ گێلنێوْ**: ئاشگێڕێك ئاو.
**ئاســاوْی ئــاوْ کۆتــه** : ئاشـی ئـاو کـەوتوو. مەبەست له شتێکه یان شوێنێکه کـه کپ و بێ دەنگ بێ.

**ئاسای:** ئاسایی. ئاسا. وەك.

**ئاستەی:** هێشتن. هێڵان.

**ئاستەی پنە:** پێ هێشتن.

**ئاستەی پۆیەنە:** هێشتنەوەی شت وەك خۆی.

**ئاستەی پۆ:** پێوە هێشتن.

**ئاستەی پۆرە:** پیا هێڵان. پیا کردن.

**ئاستەی پۆری:** پیا هێڵان. پیا کردن.

**ئاستەی پۆوە:** پێوە هێشتن.

**ئاستەی پەنە:** پێ هێشتن.

**ئاستەی جیا:** بەجێ هێشتن.

**ئاستەی چنە:** تێدا هێشتن.

**ئاستەی چەنە:** تێدا هێشتن.

**ئاستەیرە:** داهێڵان. شۆڕ کردنەوە.

**ئاستەینە:** پیاکردن. پێدا چەقاندن.

**ئاستەیۆ:** هێشتنەوە.

**ئاستەی ڤارە:** بەبادا کردنی شت بۆ جیا بوونەوەی.

**ئاستەیۆ پنە:** پێ هێشتنەوە.

**ئاستەیۆ پۆیەنە:** هێشتنەوەی شت وەك خۆی.

**ئاستەیۆ پەنە:** پێ هێشتنەوە.

**ئاستەیۆ چنە:** تێدا هێشتنەوە.

**ئاستەی وێرە:** گووی تەڕ بە خۆدا کردن.

**ئاستەیەرە:** داهێڵان. شۆڕکردنەوە.

**ئاستەیەنە:** تێ ژەندن. تێ چەقاندن.

**ئاسکۆڵێ:** ئاسکۆڵە.

**ئاسمان:** ئاسمان.

**ئاسمانۆ:** بە ئاسماندا.

**ئاسمانۆری:** بە ئاسماندا بەروە ژوور.

**ئاسمان و ڕێسمان:** ئاسمان و ڕێسمان.

**ئاسمانە:** ئاسمانە.

**ئاسمانەرە:** بە ئاسماندا بەرەو خوار.

**ئاسمانەنە:** لە ئاسماندا. بە ئاسماندا.

**ئاسمانەوان ، ئاسمانەوانە:** ئاسمانەوان.

**ئاسمانەوانی:** ئاسمانەوانی.

**ئاسمانی :** ڕەنگی ئاسمانی کە شینێکی کاڵە.

**ئاسن:** ئاسن.

**ئاسن بڕ:** مشاری ئاسن بڕەرەوە.

**ئاسن کێش:** ئاسن فڕێن. موگناتیس.

**ئاسنگەر ، ئاسنگەرە:** ئاسنگەر.

**ئاسنگەرەنە:** لە ئاسنگەردا.

**ئاسنگەری:** ئاسنگەری.

**ئاسنگەری یەنە:** لە ئاسنگەریدا.

**ئاسنە کوتە:** پارچە ئاسنی کۆن.

**ئاسنەنە:** لە ئاسندا.

**ئاسنی سەرد کوای:** ئاسنی سارد کوتان.

**ئاسنین ، ئاسنینە:** ئاسنی. لە ئاسن دروست کراو.

**ئاسۆ :** ئاسۆ.

**ئاسۆگە:** ئاسۆگە.

**ئاسۆیی ، ئاسۆییە:** ئاسۆیی. (افقی).

**ئاسوودە ، ئاسوودێ:** ئاسوودە.

**ئاسووڎە بی یە ، ئاسووڎەبیێ:** ئاسوودە بووگ.

**ئاسووڎەبی یەی:** ئاسوودە بوون.

**ئاسووڎەکەرڎەی:** ئاسوودە کردن.

**ئاسووڎەیی:** ئاسوودەیی.

**ئاسووڎەییۆ:** بە ئاسوودەیی یەوە.

**ئاسووڎەیەیە:** لە ئاسوودەییدا.

**ئاسووری ، ئاسووریە:** ئاسووری.

**ئاسەم:** ئاستەم.

**ئاسەوار:** شوێنەوار.

**ئاسیا:** کیشوەری ئاسیا.

**ئاسیاۋ:** ئاش.

**ئاسیاۋان ، ئاسیاۋانە:** ئاشەوان.

**ئاسیاۋانی:** ئاشەوانی.

**ئاسیاوانی یەنە:** لە ئاشەوانییدا.

**ئاساوگا:** جێگای ئاش. ئاشگا.

**ئاساوگە:** جێگای ئاش. ئاشگا.

**ئاسیاۋگێڵنێ:** ئاشگێڕێك ئاو.

**ئاسیاۋۆری:** بە ئاشدا بەرەو ژوور.

**ئاسیاۋەرە:** بە ئاشدا بەرەو ژوور.

**ئاسیاۋەنە:** لە ئاشدا.

**ئاسیاۋی ئاو کۆتە:** ئاشی ئاو کەوتوو.

**ئاسیایی ، ئاسیایی یە:** ئاسیایی.

**ئاسیب:** ئاسیب. ئاسیو.زیان. زەرەر.

**ئاسیب پنە یاوای:** ئاسیو پنە گەیشتن.

**ئاسیب پنە یاونای:** ئاسیو پێ گەیاندن.

**ئاسیب دی یەی:** ئاسیو دیتن.

**ئاسیب ۋنە کۆتەی:** ئاسیو و زەرەر لێ کەوتن.

**ئاش بەتاڵ:** ئاش بەتاڵ.

**ئاش بە تەنووریٚ:** ئاش بە تەنووریٚ.

**ئاشپەز ، ئاشپەزە:** ئاشپەز. چێشت کەر.

**ئاشپەزخانۆری:** بە ئاشپەزخانەدا بەرەو ژوور.

**ئاشپەزخانە:** ئاشپەزخانە. چێشتخانە.

**ئاشپەزخانەرە:** بە ئاشپەزخانەدا بەرەو خوار.

**ئاشپەزخانەنە:** لە ئاشپەزخانەدا.

**ئاشپەزی:** پیشەی ئاشپەز.

**ئاشت ، ئاشتە:** ئاشت.

**ئاشت ئەۋەبی یە ، ئاشت ئەۋە بیێ:** ئاشتەوە بوو.

**ئاشت ئەۋە بی یەی:** ئاشت بوونەوە.

**ئاشت ئەۋە کریا ، ئاشت ئەۋە کریێ :** ئاشتەوە کراو.

**ئاشت ئەۋە کریای:** ئاشت کرانەوە.

**ئاشت ئەۋە کەر ، ئاشت ئەۋە کەرە:** ئاشت کەرەوە.

**سەر هۆرۆدای:** سەر هەڵدانەوە.

**سەرهەنگ ، سەرهەنگە :** سەرهەنگ.

**سەرهەنگی:** سەرهەنگی.

**سەرە:** سەر. نۆرە. نۆبە. سەلك.

**سەڕە:** زەڕە؛ هاواری کەر.

**سەرەئارڎەی:** سەرهێنان. بیر کردنەوە.

**سەرەئارڎەیرە:** سەر شانە کردن.

**سەرەئارڎەینە :** سەر هێنانە ئێش و و ژان.

**سەرەئارڎەیەرە:** سەر شانە کردن.

**سەرەئارڎەینە :** سەر هێنانە ئێش.

**سەرە ئازتەی پۆرە:** سەر پیا داهێشتن. مەبەست پەشیمان بوونەوە و بیر لێ کردنەوەیە.

**سەرە ئازتەیرە:** سەر داهێشتن.

**سەرە ئازتەینە :** سەر تێ چەقاندن.

**سەرە ئازتەیەرە:** سەر داهێشتن. سەر داهێلان.

**سەرە ئازتەیەنە :** سەر تێ چەقاندن.

**سەرە ئاستەیۆپۆرە:** سەر پیا داهێشتن.

**سەرە ئاستەیرە:** سەر داهێشتن.

**سەر ئاستەینە :** سەر تێ چەقاندن.

**سەرە ئاستەیەرە:** سەر داهێشتن.

**سەر ئاستەیەنە :** سەر تێ چەقاندن.

**سەرە ئاسنین ، سەرە ئاسنینە :** سەر ئاسنین.

**سەرە ئامای:** نۆرە هاتن. قژ درێژ بوون.

**سەرە ئامایرە:** سەر شانە کران.

**سەرە ئامانە :** سەر هاتنە ئێش.

**سەرە ئامایۆ:** نۆرە هاتنەوە. قژ درێژ بوونەوە.

**سەرە ئامایەرە:** سەر شانە کران.

**سەرە ئامایەنە :** سەر هاتنە ئێش.

**سەرە ئاوْ:** سەرە ئاو. نۆباو.

**سەرە ئاوڕڎەی:** سەرهێنان. بیرکردنەوە.

**سەرە ئاوڕڎەیرە:** سەر شانە کردن.

**سەرە ئاوڕڎەینە :** سەر هێنانە ئێش.

**سەرە ئاوڕڎەیەرە:** سەر شانە کردن.

**سەرە ئاوڕڎەیەنە :** سەر هێنانە ئێش.

**سەرە ئەرە ئارڎەی:** سەر شانە کردن.

**سەرە ئەرە ئازتەی:** سەر داهێشتن.

**سەرە ئەرە ئاستەی:** سەر داهێشتن.

**سەرە ئەرە ئامای:** سەر شانە کران.

**سەرە سەرە ئەرە ئاوَردەی:** سەر شانە کردن.

**سەرە ئەرە بەرڎەی:** چەمانەوە و سەرنەوەی کردن لە قەلابوونـدا لـە یـاری سێبازدا.

**سەرە ئەرە شتەی:** سەر داشتن.

**سەرە ئەرە ئەنیای:** سەر دانان.

**سەرە ئەرە وَزتە ، سەر ئەرە وَزتێ:** سەر شۆڕ.

**سەرە ئەرە وَزتەی:** سەر داخستن. سەر شۆڕی.

**سەرە ئەرە وَستە ، سەر ئەرە وَستێ:** سەر شۆڕ.

**سەرە ئەرە وَستەی:** سەر داخستن. سەر شۆڕی.

**سەرە ئەشناس ، سەر ئەشناسە:** سەر ناس.

**سەرە ئەشناسی:** سەر ناسی.

**سەر ئەنە بەرڎەی:** سەر تێ بردن. ڕێ تێ بردن.

**سەرە ئەنە کەرڎەی:** سەر تێکردن.

**سەرە ئەنە وَزتەی:** سەر تێخستن.

**سەرە ئەنە وَستەی:** سەر تێخستن.

**سەرە ئەوَە ئارڎەی:** هاتنەوە بە سەلامەتی.

**سەرە ئەوَە ئامای:** نۆرە هاتنەوە.

**سەرە ئەوَە ئاوَرڎەی:** هاتنەوە بە سەلامەتی.

**سەرە ئەوَە پاتەی:** سەر پاچینەوە.

**سەرە ئەوَە تنگنای:** سەر یەکەلاکردنەوە.

**سەرە ئەوَە تنگیای:** سەر یەکەلابوونەوە.

**سەرە ئەوَە کولنای:** سەر کولاندنەوە.

**سەرە ئەوَە کولیای:** سەر کولانەوە.

**سەرە ئەوَە گرتەی:** هۆنینەوەی قژی ژنان.

**سەرە ئەوَە کەرڎەی:** دووبارە کردنەوەی نۆرە.

**سەرە ئەوَە نیای:** سەر نانەوە بۆ خەوتن.

**سەرە ئێژنایرە:** سەر نانەوە بۆ خەوتن.

**سەرە ئێژنایەرە:** سەر نانەوە بۆ خەوتن.

**سەرە ئێشای:** سەر ئێشان.

**سەرە ئێشنای:** سەر ئێشاندن.

**سەرە ئێشە:** سەر ئێشە. سەرێشە.

**سەرە بڕ ، سەرە بڕە:** سەر بڕ. قەساب.

**سەرە بڕیا ، سەرە بڕیێ:** سەر بڕراو.

**سەرە بڕیای:** سەر بڕان.

**سەرە بڕیەی:** سەر بڕین.

**سەرە بۆز ، سەرە بۆزە:** سەر بۆز.

**سەرە بۆزی:** سەر بۆزی.

**سەرە بەرئارڎەی:** سەر دەرهێنان.

**سەرە بەر ئاوَرڎەی:** سەر دەرهێنان.

**سەرە بەرڎەی خلێفەرە:** سەر بردن بە خلێفدا.

**سەرە بەرڎەی گارە:** سەربردن بە خلێفدا.

**سەرە بەرز ئەوَە کەرڎەی:** سەر بەرز کردنەوە.

**سەرە بەرز کەرڎەیۆ:** سەر بەرز کردنەوە.

**سەرە بەرزۆ کەرڎەی:** سەر بەرزە و کردن.

**سەرە بەرزۆ نەکەرڎەی:** سەر بەرز نەکردنەوە.

**سەرە بەر کەرڎەی:** سەر دەرکردن.

**سەرە بەزتەی:** سەر بەستن. سەر پێچان.

**سەرە بەزتەیرە:** سەر دابەستن.

**سەرە بەزتەیەرە:** سەر دابەستن.

**سەرە بەستەی:** سەر بەستن. سەر پێچان.

**سەرە بەستەیرە:** سەر دابەستن.

**سەرە بەستەیەرە:** سەر دابەستن.

**سەرە بە فەتەرات دای:** سەر بە فەتەرات دان.

**سەرە بەلوو ، سەرە بەلووە:** سەر بەڕوو. مەبەست لە کەسێکی سەر درێژکۆلەیە.

**سەرە بیر:** سەری دروست کراو بۆ بیر.

**سەرە بیل ، سەرە بیلە:** سەرخری سەر بچووك.

**سەرە بین ، سەرە بینە:** هەرچی سەری پێ ببەسترێ.

**سەرە بینای:** سەر بەستن.

**سەرە بینایەرە:** سەر دابەستن.

**سەرە بێ کەسە:** مەردوومی بێ کەس و کار.

**سەرە پاقلیر ، سەرە پاقلیرە:** سەر تاشراوێك کە هیچ قژی بە سەرەوە نەمابێ.

**سەرە پاقلیری:** سەر تاشرانی تێر و ساف کراو.

**سەرە پان ، سەرە پانە:** سەر پان.

**سەرە پان ئەوۆە بی یەی:** سەر پان بوونەوە.

**سەرە پان ئەوۆە کریای:** سەر پان کرانەوە.

**سەرە پان ئەوۆە کەرڎەی:** سەر پان کردنەوە.

**سەرە پان کەرڎەیۆ:** سەر پان کردنەوە.

**سەرە پانۆ بی یەی:** سەر پان بوونەوە.

**سەرە پانۆ کریای:** سەر پان کرانەوە.

**سەرە پانۆ کەرڎەی:** سەر پان کردنەوە.

**سەرە پانی:** سەر پانی.

**سەرە پڕنای:** سەر پەڕاندن. نۆرە بواردن.

**سەرە پۆنەبی یەی:** ئارەزوومەندی تەواو.

**سەرە پەت:** سەرە پەت.

**سەرە پەتی ، سەرە پەتییە:** سەر پەتی. سەر ڕووت.

**سەرە پەنە ئەسپارای:** سەر پێ سپاردن.

**سەرە پەنە ئەسپاریای:** سەر پێ سپاردران.

**سەرە پیاز:** سەلکە پیاز.

**سەرە پێتەی:** سەر پێچان.

**سەرە پێتەیرە:** سەر داپێچان.

**سەرە پێتەیەرە:** سەر داپێچان.

**سەرە پیرە ژەنانە:** سەرە پیرە ژنانە.

**سەرە تاتکێ:** سەرە تاتکێ.

**سەرە تاش ، سەرە تاشە:** سەر تاش.

**سەرە تاشای:** سەر تاشین.

**سەرە تاشیا ، سەرە تاشیێ:** سەرە تاشراو.

**سەرە تاشیای:** سەر تاشران.

**سەرە تاشی:** سەرە تاشی.

**سەرە تاڵ**: سەرە هەودا.
**سەرە تنگناياۆ**: سەرە يەكەلاكردنەوە. پرچ بردنەوە
**سەرە تەنگياياۆ**: سەرە يەكەلابوونەوە.
**سەرە تەقێ**: سەرە تەقێ.
**سەرە تەزن ، سەرە تەزنە**: سەر تەزێن.
**سەرە تەكن ، سەرە تەكنە**: سەر تەكێن.
**سەرە تەكناى**: سەرە تەكاندن. سەر لەقاتندن.
**سەرە تەكێ**: سەرە لەقێ.
**سەرە تەكياى**: سەرە تەكين. سەرە لەقان.
**سەرەتەنەكە**: سەرە تەنەكە.
**سەرە تير**: سەری تير. سەری ڕم.
**سەرە چلۆسك**: سەرە بزووت.
**سەرە چن ، سەرە چنە**: سەر چن.
**سەرە چنە بەر شی يەی**: سەر لێ دەرچوون.
**سەرە چنە بەركەڎەی**: سەر لێ دەركردن.
**سەرە چنيەی**: گەڕان بە سەردا بە دوای مۆرياندا.
**سەرە چەرمە ، سەرە چەرمێ**: سەر سپی.
**سەرە چەرمە بی يەی**: سەر سپی بوون.
**سەرە چەرمە كەرڎەی**: سەر سپی كردن.
**سەرە چەرمەيی**: سەر سپێتی.
**سەرە چێر**: سەر بەرە و خوار. بەرە و خوار.
**سەرە چێرای**: بەرە و خواركە.
**سەرە چێرايی**: بەرە و خواركە.
**سەرە چێڵ ، سەرە چێڵە**: مەبەست مرۆڤی سەر بچووكە.
**سەرە خڕ ، سەرە خڕە**: سەر خڕ.
**سەرە خولێ**: سەرە خولێ. سەرە گێژی.
**سەرە خولياياۆ**: سەر گێژ بوون.
**سەرە خوليرە**: سەرە تەشی كە كلكەكەی شكابێ.
**سەرە خومين ، سەرە خومينە**: سەر خوماوی.
**سەرە خومينی**: سەر خوماوێتی.
**سەرە خەر ، سەرە خەرە**: سەرە خەر. لاسار.
**سەرە خەری**: سەرە خەری. لاساری.
**سەرە خەنەين ، سەرە خەنەينە**: سەر خەناوی.
**سەرە خەنەينی**: سەر خەناوێتی.
**سەرە داری**: سەری دار. سەرە دار.
**سەرە دارای پۆرە**: سەر پيا داهێلان.
**سەرەداری**: هەبوونی سەر. (فتحة) لە سەری.
**سەرەدان**: سەرەدان. نۆرەی دان.
**سەرە درێژ ، سەرە درێژە**: سەر درێژ.
**سەرە درێژی**: سەر درێژی.
**سەرە دم**: سەرە كێر.
**سەرە دوارڎ**: سەرە مەقەست.
**سەرەڕا**: سەرە ڕێ. سەرەڕا ( علاوة).
**سەرە ڕووت ، سەرە ڕووتە**: سەر ڕووت.
**سەرە ڕووت ئەوۆ كەرڎەی**: سەر ڕووت كردن.
**سەرە ڕووت كەرڎەی**: سەر ڕووت كردن.

**سەرە ڕووت کەرڎەیۆ:** سەر ڕووت کردنەوە.

**سەرە ڕووتۆ کەرڎەی:** سەر ڕووت کردنەوە.

**سەرە ڕووتیایۆ:** سەر ڕووتانەوە.

**سەرە ڕووتیی:** سەر ڕووتیی.

**سەرەرە:** بە سەردا.

**سەرەرە ئارڎەی:** بەسەردا هێنان.

**سەرەرە ئامای:** بەسەردا هاتن.

**سەرەرە ئاوٛردەی:** بەسەردا هێنان.

**سەرەرە کۆتەی:** بەسەردا کەوتن.

**سەرە لوٛای:** بەسەرا چوون. نۆبەت چوون.

**سەرەرە وٛز ، سەرەرە وٛزە:** سەرداخەر. سەر شۆڕ.

**سەرەرە وٛزتە ، سەرەرە وٛزتێ:** سەر شۆڕ.

**سەرەرە وٛزتەی:** سەر شۆڕ کردن. سەر داخستن. بەسەرا خستن.

**سەرەرە وٛستە ، سەرەرە وٛستێ:** سەر شۆڕ.

**سەرەرە وٛستەی:** سەر شۆڕ کردن. سەر داخستن. بەسەرا خستن.

**سەرە زل ، سەرە زلە:** سەر قەوی.

**سەرە زلی:** سەرە زلی. سەرە قەویەتی. ملهوڕیی.

**سەرە زنیەی:** دەرکەوتن. هاتنە دەنگ.

**سەرە زنیەیۆ:** سەر هێنانە دەر.

**سەرە زۆپاڵ:** سەر کوتەك. سەرە کوتەکی گەورە.

**سەرە زەکەر:** سەری کێر.

**سەرە زێڕنای:** ژانە سەری قورس.

**سەرە ژەنانیلە:** سەر ژنانیلە.

**سەرە ژەنانی:** سەرە ژنانی.

**سەرە ساف ، سەرە سافە:** سەر ساف.

**سەرە سافی:** سەر سافی.

**سەرە سڕمەنە ، سەرە سڕمەنێ:** سەر سوڕماو.

**سەرە سڕمەنەی:** سەر سوڕمان.

**سەرە سڕنای:** سەری زوڕنا.

**سەرە سوالکەر ، سەرە سوالکەرە:** سەر سوالکەر.

**سەرە سوالکەری:** سەر سوالکەری.

**سەرە سۆپاڵ:** سەرە کوتەکی گەورە.

**سەرە سوور ، سەرە سوورە:** سەر سوور.

**سەرە سووری:** سەر سووری.

**سەرە سووڕ دای:** سەر سووڕدان.

**سەرە سووڕنای:** سەر سووڕاندن.

**سەرە سووڕێ:** سەرە سووڕێ. سەرە گێژی.

**سەرە سووڕیایۆ:** سەر سووڕانەوە. سەر گێژان.

**سەرە سەبیل ، سەرە سەبیلە:** سەرە سەبیل. مەبەست لە گیانلەبەری بچووکە.

**سەرە سەڕ:** زەڕە زەڕەی کەر.

**سەرە سیاوٛ ، سەرە سیاوٛە:** سەر ڕەش.

**سەرە سیاوٛی:** سەر ڕەشی.

**سەرە سیر:** سەلکی سیر.

**سەرە شامی ، سەرە شامی یە:** سەر ڕووتاوە.

**سەرە شان ، سەرە شانە:** شەر وەشێن.

**سەرە شانای:** سەر وەشاندن. کەللە لێدان.

**سەرە شای:** سەر وەشاندن. قۆچ وەشاندن.

**سەرە شتەی:** سەر شتن.

**سەرە شتەیرە:** سەر داشتن.

**سەرە شتەیەرە:** سەر داشتن.

**سەرە شتەیەنە:** سەر تێ شتن. لە سەرشتنا.

**سەرە شۆر ، سەرە شۆرە:** سەر شۆر.

**سەرە شۆرگا:** سەرە شۆرگا. سەرە شۆرك.

**سەرە شۆرگە:** سەرە شۆرگا. سەرە شۆرك.

**سەرە شۆڕ ، سەرە شۆڕە:** سەر شۆڕ.

**سەرە شۆڕ کەرڎەی:** سەر شۆڕ کردن.

**سەرە شۆریا ، سەرە شۆریێ:** سەر شۆراو.

**سەرە شۆریای:** سەر شۆران.

**سەرە شۆری:** کاری سەر شتن. کاری سەر شۆر.

**سەرە شەلەمین:** سەلکی شێلمی گیراوە.

**سەرە شێلای:** سەر شێلان.

**سەرە شی یەی:** سەر تیا چوون.

**سەرە قابلەمە:** سەرە مەنجەڵ.

**سەرە قبووڵنای:** سەر قەبلاندن.

**سەرە قتوو:** سەرە قوتوو.

**سەرە قلیان:** سەرە قەنگە.

**سەرە قوت ئەوە کەرڎەی:** سەر قوت کردنەوە.

**سەە قوت کەرڎەیۆ:** سەر قوت کردنەوە.

**سەرە قوتۆ کەرڎەی:** سەر قوت کردنەوە.

**سەرە قوتێ:** سەرە تانکێ.

**سەرە قۆتین ، سەرە قۆتینە:** سەر قۆتین.

**سەرە قۆری:** سەرە قۆری.

**سەرە قۆ قۆ:** سەر تاشراوی تووك پێوە نەماو.

**سەرە قووڵێ:** جۆرە دەرە بۆڵەیەکی نایابە.

**سەرە قەڵەم:** نووکە قەڵەم.

**سەرەکتری:** سەری کتری.

**سەرە کڕنای:** سەر کڕاندن. سەر خوراندن.

**سەرە کلاش:** سەرە کلاش.

**سەرە کلاشتەی:** سەر خوراندن.

**سەرەکۆتەی:** سەرکەوتن. هاتنی نۆرە.

**سەرە کۆتەیرە:** سەر داکەوتن. ژانە سەری سەخت.

**سەرە کۆتەیەرە:** سەر داکەوتن. ژانە سەری سەخت.

**سەرە کەرڎەی:** سەلك کردن. نۆرە کردن.

**سەرە کولنایۆ:** سەر کولاندنەوە.

**سەرە کولیایۆ:** سەر کولانەوە.

**سەرە کۆڵە ، سەرە کۆڵێ:** سەر شین. سەر خوماوی.

**سەرە کۆڵە بی یەی:** سەر خمین بوون.

**سەرە کۆڵە کەرڎەی:** سەر خمین کردن.

**سەرە کۆڵەیی:** سەر خمینی. سەر خوماوێتی.

**سەرەکوی:** بەرەو ژوور.

**سەرەکوویای:** بەرەو ژوورکە.

**سەرە کەرڎەی:** سەلك کردن. نۆرە بەجێهێنان.

**سەرە کەرژەی گومیەرە:** سەر بە گۆما کردن.

**سەرە کەرژەینە:** سەر تێکردن.

**سەرە کەرژەیەنە:** سەر تێکردن.

**سەرەکەنە:** بەوەرز. دەعبا و بەڵای مریشك.

**سەرە کەوْە ، سەرە کەوْیْ:** سەر شین.

**سەرە کەوْەیی:** سەر شینی.

**سەرە کێشای:** سەر کێشان.

**سەرە کێشتەی:** سەر کێشان.

**سەرە گاو:** سەری گا یان مانگا.

**سەرە گاو گۆراڵ:** سەری گیایەکە وەك گیای پیشۆك بەڵام ئەم گیایە گوڵێکی سوور دەردەکا. سەرەکەی شیرینە.

**سەرە گرتەی:** نۆرە گرتن. گەوادی کردن.

**سەرە گرتەیۆ:** سەر گرتنەوە.

**سەرە گۆرەکە:** سەری گوێرەکە.

**سەرە گەنا ، سەرە گەنیْ:** سەر گەنیو.

**سەرە گێجیٚ:** سەرە گێجە.

**سەرە گێر ، سەرە گێرە:** سەرگر. گەواد.

**سەرە گیۆاو:** سەرە گیا.

**سەرە لار ، سەرە لارە:** مل خوار. مل گێڕ.

**سەرە لاری:** سەر خواری. مل خواری. مل گێڕی.

**سەرە لەتەرە:** سەرە تەشی.

**سەرە لەڤن ، سەرە لەڤنە:** سەر لەڤێن.

**سەرە لەڤنای:** سەر لەڤاندن.

**سەرە لەڤیْ:** سەرە لەڤیٚ.

**سەرە مار:** سەرە مار.

**سەرە ماڕ ، سەرە ماڕە:** سەر شکێن.

**سەرە ماڕای:** سەر شکاندن.

**سەرە ماساوْ:** سەرە ماسی.

**سەرە ماسای:** سەر ئاوسان.

**سەرە ماسنای:** سەر ئاوساندن.

**سەرە مرۆچە:** سەرە مێرووله.

**سەرە مڕە:** بەردەوام.

**سەرە مەرگ:** سەرە مەرگ.

**سەرە مریچلە:** سەرە چۆلەکە.

**سەرە مژان:** سەرە مژان.

**سەرە مەڕیا ، سەرە مەڕییٚ:** سەر شکاو.

**سەرە مەڕیای:** سەر شکان.

**سەرە مێکوت:** سەری مێکوت.

**سەرە مێکوتە:** سەرە مێکوتە.

**سەرە نامای:** سەرە نەهاتن. نۆرە نەهاتن.

**سەرە نامنای:** سەر نەواندن.

**سەرە نامنایرە:** سەر دانەواندن.

**سەرە نامنایەرە:** سەر دانەواندن.

**سەرە نان:** سەرە نان. نۆرە نان.

**سەرەنگا:** سەرین.

**سەرە نۆێڵ:** سەری نوێڵ. نووکی نوێڵ.

**سەرەنە:** بە سەردا.

**سەرەنە ئارژەی:** بە سەردا هێنان.

**سەرەنە ئامای:** بە سەرا هاتن.

**سەرەنە ئاوْرژەی:** بە سەردا هێنان.

**سەرەنە بەرژەی:** بە سەرا بردن.

**سەرەنە شی یەی:** بە سەرا تێپەڕ بوون.

**سەرەنە گێڵای:** بە سەرا گەڕان.

**سەرەنە گێڵنای:** بە سەرا گێڕان.

**سەرەنە لۋای:** بە سەرا چوون.

**سەرە نیای پۆ:** سەر پێوە نان.

**سەرە نیای پۆۋە:** سەر پێوە نان.

**سەرە نیای چاڵی:** سەر نانە چاڵ. مراندن.

**سەرە نیای خاك:** سەر نانە چاك. مراندن.

**سەرە نیایرە:** سەر دانان.

**سەرە نیای سەر:** سەر نانە سەر.

**سەرە نیاینە:** سەر تێنان.

**سەرە نیایۆ:** سەرە نانەوە.

**سەرە نیایەرە:** سەر دانان.

**سەرە نیایەنە:** سەر تێنان.

**سەرە نێزە:** سەرە ڕەم.

**سەرە ۋدای:** سەر بادان.

**سەرە ۋارڎەی:** سەر خواردن.

**سەرەواو:** سەرەواو. کەمترین خوێندەواری.

**سەرە و پا:** سەر و پێ. پاچە.

**سەرە ۋچن ، سەرە ۋچنە:** سەر چن.

**سەرە ۋچنای:** گەران بە دوای مۆریاندا لە سەرا.

**سەرە ورڎ بی یەی:** سەر شکانی زۆر.

**سەرە ورڎ کەرڎەی:** سەر شکاندنی زۆر.

**سەرە ورنای:** سەر خوراندن.

**سەرە وریای:** سەر خوران.

**سەرە ۋزتەیرە:** سەر داخستن.

**سەرە ۋزتەیەرە:** سەر داخستن.

**سەرە ۋستەیرە:** سەر داخستن.

**سەرە ۋستەیەرە:** سەر داخستن.

**سەرە وشك ئەۋە کریایی:** سەر وشك کرانەوە.

**سەرە وشك ئەۋە کەرڎەی:** سەر وشك کردنەوە.

**سەرە وشك کریایۆ:** سەر وشك کرانەوە.

**سەرە وشك کەرڎەیۆ:** سەر وشك کردنەوە.

**سەرە و فاڕ ، سەرە و فاڕە:** شتێ ئەم سەری بکرێتە ئەو سەر و بە پێچەوانەشەوە.

**سەرە ۋڵکنایۆ:** پەلکە خاو کردنەوە. سەر شکاندن.

**سەرە وڵ کەرڎەی:** سەر کون کردن.

**سەرە وناڵین ، سەرە وناڵینە:** سەر خوێناوی.

**سەرە وناڵینی:** سەر خوێناوی بوون.

**سەرە ونین ، سەرە ونینە:** سەر خوێناوی.

**سەرە ونینی:** سەر خوێناوێتی.

**سەرە و وار:** بەرەو خوار. سەرە و خوار.

**سەرە و وار ئەۋە بی یەی:** سەرە و خوار بوونەوە.

**سەرە و وار ئەۋە کریای:** سەرە و خوار کرانەوە.

**سەرە و وار ئەۋە کەرڎەی:** سەرە و خوار کردنەوە.

**سەرە و وار بی یەی:** سەرە و خوار بوون.

**سەرە و وار بی یەیۆ:** سەرە و خوار بوونەوە.
**سەرە و وار کریای:** سەرە و خوار کران.
**سەرە و وار کریایۆ:** سەرە و خوار کرانەوە.
**سەرە و وار کەرڎەی:** سەرە و خوار کردن.
**سەرە و وار کەرڎەیۆ:** سەرە و خوار کردنەوە.
**سەرە و وارۆ بی یەی:** سەرە و خوارەوە بوون.
**سەرە و وارۆ کریای:** سەرە و خوارەوە کران.
**سەرە و وارۆ کەرڎەی:** سەرە و خوارەوە کردن.
**سەرە وەر ، سەرە وەرە:** سەرەخۆر. سەرخۆرە.
**سەرە وەرە ، سەرە وەرێ:** سەر خۆرە.
**سەرە وەر بی یەی:** بوون بە هۆی سەر خواردن.
**سەرە وەر کەرڎەی:** کردن بە هۆی سەر خواردن.
**سەرە ۆیار:** سەرە بوێر. نۆرە بوێر.
**سەرە ۆیارای:** نۆرە بواردن.
**سەرە هۆر بەستەی:** سەر هەڵبەستن.
**سەرە هۆر پاتەی:** سەر هەڵپاچین.
**سەرە هۆر پاچیا ، سەرە هۆر پاچیێ:** سەر هەڵپاچراو.
**سەرە هۆر پاچیای:** سەر هەڵپاچران.
**سەرە هۆر گرتەی:** سەر هەڵگرتن.
**سەرە هەڕین ، سەرە هەڕینە:** سەر قوڕاوی.
**سەر هەڕینی:** سەر قوڕاوێتی.
**سەرە یاۆ:** نۆبەتێ.
**سەرەی پیریی:** سەری پیریی.

**سەرێ:** سەرە. فەتحەی سەرپیتی عەرەبی.
**سەر یاڵ:** سەر یاڵ. سەر ملە.
**سەرێشە:** سەرێشە.
**سەرین ، سەرینە:** ژوورنگ. ئەوەی ژوور.
**سەریناو وەڵینا:** خەڵکی ئێستا و پێشینان. (خلف و سلف).
**سەرینگا:** سەرین.
**سەرینی:** ماوەی ژیان. سەرێنی.
**سەعات ساز ، سەعات سازە:** سەعات ساز.
**سەعات سازی:** سەعات سازی.
**سەعاتە:** سەعات.
**سەعاتێنە:** لە سەعاتێکدا.
**سەعاتێۆەنە:** لە سەعاتێکدا.
**سەعب:** بەیانی.
**سەعبانە:** نانی بەیانی.
**سەعبەت:** گاڵتە. گەمە. یاری.
**سەعبەتچی ، سەعبەتچی یە:** گاڵتە کەر.
**سەعبەت کەرڎەی:** گاڵتە کردن.
**سەعبەت هۆر گرتەی:** گاڵتە قەبووڵ کردن.
**سەعبێۆ:** بەیانی.
**سەعدانیە:** سەعدانی؛ ترێی سادانی.
**سەعیکەر ، سەعیکەرە:** سەعی کەر.
**سەعی کەرڎەی:** سەعی کردن. هەوڵدان.
**سەعیە:** سەعی. هەوڵ. تەقەلا. خەبات.
**سەغڵەت ، سەغڵەتە:** سەخڵەت.
**سەغڵەت بی یەی:** سەخڵەت بوون.
**سەغڵەت کرڎەی:** سەخڵەت کردن.

**سەغڵەتی**: سەخڵەتی.

**سەفتە**: سەفتە.

**سەفتە کەرڎەی**: سەفتە کردن.

**سەفرای**: سەفرا. زراو.

**سەفە**: سەفە. ڕیز.

**سەفەر**: سەفەر. مانگی سەفەر.

**سەفەر بەلەك**: سەفەر بەر. ڕەشبگیر.

**سەفەر کەرڎەی**: سەفەر کردن.

**سەفەری ، سەفەریە**: سەفەری. ڕێبوار.

**سەفێ ، سەفیە**: گێل. کەم ئاوەز.

**سەقا ، سەقێ**: ئاو کێش. نەخۆشی ئیسقایی.

**سەقام**: سەرقام. ڕێکی.

**سەقام گرتەی**: سەقام گرتن. دامەزران. جێگیر بوون.

**سەقام گیر ، سەقام گیرە**: سەقام گیر. جێگیر بوو.

**سەقام گیر بی یەی**: سەقام گیر بوون.

**سەقام گیر کەرڎەی**: سەقام گیر کردن.

**سەقاوْ ، سەقاوْە**: ئاوکێش.

**سەقاوی**: ئاوکێشی. ئاوکێشان.

**سەقر ، سەقرە**: سەر سەخت. کەللە ڕەق.

**سەقری**: سەر سەختی. کەللە ڕەقی.

**سەقەت ، سەقەتە**: سەقەت. ساقۆت. ناتەواو.

**سەقەت بی یەی**: سەقەت بوون.

**سەقەت کریای**: سەقەت کران.

**سەقەت کەرڎەی**: سەقەت کردن.

**سەقەتی**: سەقەتی. عەیبداری. ناتەواوی.

**سەقەر**: قووڵترین جێگا لە دۆزەخدا.

**سەکتە**: سەکتە.

**سەکتە کەرڎەی**: سەکتە کردن.

**سەکران ، سەکرانە**: سەرخۆش.

**سەکران بی یەی**: سەرخۆش بوون.

**سەکرانی**: سەرخۆشی.

**سەکسار**: سەکسار. مەیموونی نێری قنگ سوور.

**سەکلە**: سەقلە. کلۆی زۆر گەورە.

**سەکلە هارڎەتف**: سەقڵەی ئاردی توو.

**سەکۆ**: سەکۆ. دکە.

**سەکوت**: سەکوت. سیما. لە دوای (( سەر و )) دێ.

**سەکۆڵە**: سەکۆی بچووك.

**سەگسار**: سەکسار.

**سەگ مەرگ ، سەگ مەرگە**: سەگ مەرگ.

**سەگ مەرگی**: سەگ مەرگی.

**سەگە ناز**: سەگە ناز. دەردێکی سەگە.

**سەگە وان ، سەگە وانە**: سەگە وان.

**سەگە وانی**: سەگە وانی.

**سەگە وەڕ**: سەگە وەر.

**سەگە وەڕێ**: سەگە وەڕ.

**سەڵات**: سەڵا.

**سەڵات کەرڎەی**: سەڵا کردن.

**سەلارە ، سەلارێ**: سەلارە.

**سەلارەیی:** سەلارەیی. لێزانی و ماقووڵی.

**سەلب ، سەلبە:** داڕنراو.

**سەڵت ، سەڵتە: سەڵت.** ڕەبەن. بێ هاوسەر.

**سەڵتە:** سەڵتە.

**سەڵتە ڕا:** زەلامە ڕێ.

**سەڵتە زەلام:** سەڵتە زەلام.

**سەڵتەنەت:** سەڵتەنەت. دەستەلات و شکۆیی.

**سەڵتە ۆراز ، سەڵتە ۆرازە:** سەڵتە درەو.

**سەڵمکە:** جۆرە گیایەکی گەڵا مۆری گوڵ سوورە.

**سەلەم:** سەلەم. پێش فرۆشی.

**سەلەم ئەرە دای:** سەلەم دادان. سەلەم دان.

**سەلەم دای:** سەلەم دان.

**سەلەم دایەرە:** سەلەم دادان.

**سەلەم کەر ، سەلەم کەرە:** سەلەم کەر.

**سەلەم کەر ذەی:** سەلەم کردن.

**سەلەمنای:** سەلماندن.

**سەلەمیا ، سەلەمیێ:** سەلماو.

**سەلەمیای:** سەلمان. سەلەمیان.

**سەڵەۆات دای:** سەڵەوات دان.

**سەڵەۆاتدەر ، سەڵەۆاتدەرە:** سەڵەوات دەر.

**سەڵەۆاتە:** سەڵەوات. سەڵوات.

**سەڵۆی:** داری سەروو. گیایەکە گەڵای مۆر و گوڵەکەی سوورە. سەوڵ.

**سەڵێتەی:** سەڵێتەی.

**سەڵێتێ:** سەڵێتە؛ ژنی بێ شەرمی بێ ئابڕوو.

**سەلێقە:** سەلیقە؛ سەبر و زەوق و تاقەت.

**سەلێقە ذار ، سەلێقە ذارە:** سەلیقە دار.

**سەلێقە ذاری:** سەلیقە داری. بە سەلەیقەیی.

**سەلیم ، سەلیمە:** سەلیم؛ لە دوای (( ساخ و )) دێ.

**سەلیمی:** سەلیمی. ساخی. ساغی.

**سەما کەر ، سەما کەرە:** مرۆڤی سەما کەر.

**سەما کەرە:** باڵندەیەکە بە ئاسمانەوە لە جێی خۆیا ئەوەستێ و فڕەی باڵی دێت. هەلەکە.

**سەما کەرذی:** سەما کردن.

**سەما گا:** سەما گە؛ جێی تایبەتی سەما کردن.

**سەماوەرە:** سەماوەر.

**سەمتوور:** سەمتوور.

**سەموو نخانە:** سەموونخانە.

**سەموونە:** سەموون.

**سەمەر:** بەرهەم.

**سەمەر دار ، سەمەر دارە:** بەرهەمدار.

**سەمەر داری:** بەرهەمداری. بە بەرهەمی.

**سەمەرە ، سەمەێ:** سەیر. عەجیب.

**سەمەڵ و یەمەڵ:** ئاڵ و گۆڕ.

**سەمەڵ و یەمەڵ کەرذەی:** ئاڵ و گۆڕ کردن.

**سەمەن:** سەمەن. درەختی یاسەمەن.

**سەمەنذۆکە:** سەمەندۆك. موعجیزە.

**سەمەنگوڵ ، سەمەنگوڵە:** سەمەنگۆڵ. شەلی هەردوو کولۆك شەل. شەلێك کە کەم بشەلێ.

**سەمەنۆکە:** سەمەندۆك. موعجیزە.

**سەنایۆ:** حەساندنەوە.

**سەنتەنە:** سەنتەنە. دەبدەبە. شکۆ.

**سەنڎەڵیە:** سەندەڵی.

**سەنگ:** سەنگ. بەرد.

**سەنگای:** سەنگایی. قورسایی شتێك.

**سەنگایی:** سەنگایی. قورسایی شتێك.

**سەنگتراش ، سەنگتراشە:** سەنگتراش.

**سەنگتراشی:** سەنگتراشی.

**سەنگ چن ، سەنگ چنە:** سەنگ فەرش.

**سەنگ چنی:** فەرش کردن بە بەرد.

**سەنگ دای ملەرە:** سەنگ بەسەردا دان.

**سەنگ فەرش:** سەنگ فەرش.

**سەنگ فەرش کەرڎەی:** سەنگ فەرش کردن.

**سەنگ ۆاران:** بەردە باران.

**سەنگ و بەرڎ:** سەنگ و بەرد.

**سەنگ و بەرڎنیای:** سەنگ و بەرد نان.

**سەنگ و ڕەنگ:** سەنگ و ڕەنگ. قەدر و ڕێز.

**سەنگ و سووکی:** سەنگ و سووکی.

**سەنگۆ مەحەکی:** سەنگی مەحەك.

**سەنگەر:** سەنگەر.

**سەنگەر بەستەی:** سەنگەر بەستن.

**سەنگەر بەنڎی:** سەنگەر بەندی. سەنگەر بەستی.

**سەنگە سار ، سەنگە سارە:** سەنگە سار. ڕەجم کراو.

**سەنگە سار کەرڎەی:** سەنگە سار کردن. ڕەجم کردن.

**سەنگە ساری:** سەنگە ساری.

**سەنگەکی:** سەنگەکی. نانی گەورەی درێژ کۆلە.

**سەنگین ، سەنگینە:** سەنگین. قورس و گران.

**سەنگینی:** سەنگینی. قورسی و گرانی شت.

**سەننەڵیە:** سەندەڵی.

**سەنەڎ:** سەنەد. قەباڵە.

**سەواب:** چاکە. خێر. ئیحسان.

**سەۋاڎ:** سەواد. هێزی خوێندنەوە و نووسین. ڕەشی.

**سەۋادڎار ، سەۋادڎارە:** خوێندەوار.

**سەۋادڎاری:** سەواداری. خوێندەواری.

**سەۋاڎ سەر ، سەۋاڎ سەرە:** سەر ڕەش. کەسێ کە سەرپۆش یا شتی ڕەش بدا بە سەریا لە بەر تازیەباری.

**سەۋاڎ سەری:** سەر ڕەش کردن. بەدبەختی.

**سەۋاڎ کەرڎەی سەرەرە:** کۆس کەوتن. ڕەشی لەسەر نان.

**سەۋاڎ کێشتەی سەرەرە:** تازیە بەسەردا هاتن. ڕەش پۆش بوون.

**سەۋاڎ:** سەوادە. پیادەی بێ تفاقی لەسەر سەفەر.

**سەۋاڎەرا:** زەلامە ڕێ.

**سەوای:** بەیانی. سبەینێ.

**سەوایۆ:** لە بەیانی یەوە. لە سیبەینێوە.

**سەوڤا:** مامەڵە. عەشق. تەڕەبیرۆ. کەڵکەڵە.

**سەوڤا دار ، سەوڤا دارە:** نەخۆش بە تەڕە بیرۆ.

**سەوڤا سەر ، سەوڤا سەرە:** سەودا سەر.

**سەوڤا سەری:** سەودا سەری. دێوانەیی عەشق.

**سەوڤا کەر ، سەوڤا کەرە:** مامەڵە کەر. ئاڵ و وێر کەر.

**سەوڤا کەرڤەی:** مامەڵە کردن. ئاڵ و وێر کردن.

**سەوڤا گەر ، سەوڤا گەرە:** سەودا گەر. بازرگان.

**سەوڤا گەری:** سەودا گەری. بازرگانی.

**سەورۆ:** سەنێر.

**سەوروارە:** سەنێراو.

**سەورۆگا:** سەنێرگا. سەرەنوێلك.

**سەوز ، سەوزە:** سەوز.

**سەوزاوە:** سەوزاو.

**سەوازیی:** سەوزایی.

**سەوز ئەوە بی یەی:** سەوز بوونەوە.

**سەوز ئەوە کریای:** سەوز کرانەوە.

**سەوز ئەوە کەرڤەی:** سەوز کردنەوە.

**سەوز بی یەی:** سەوز بوون.

**سەوز بی یەیۆ:** سەوز بوونەوە.

**سەوز کار ، سەوز کارە:** سەوز باو.

**سەوز کریای:** سەوز کرانەوە.

**سەوز کریایۆ:** سەوز کرانەوە.

**سەوز کەرڤەی:** سەوز کردنەوە.

**سەوز کەرڤەیۆ:** سەوز کردنەوە.

**سەوزۆ بی یەی:** سەوز بوونەوە.

**سەوزۆ کریای:** سەوز کرانەوە.

**سەوزۆ کەرڤەی:** سەوز کردنەوە.

**سەوزە ، سەوزێ:** سەوزە. مرۆڤی گەنم ڕەنگ.

**سەوزەڵە ، سەوزەڵێ:** سەوزەڵە.

**سەوزەڵەیی:** سەوزەڵەیی. گەنم ڕەنگی.

**سەوزەوات:** سەوزەوات.

**سەوزە ورەش ، سەوزە ورەشە:** سەوزە فرۆش.

**سەوزە ورەشی:** سەوزە فرۆشی.

**سەوزی:** سەوزی. سەوزایی.

**سەوزی یەنە:** لە سەوزاییدا.

**سەوڤاتی:** دیاری.

**سەوڵ:** سەوڵ. سەڵپ.

**سەوە:** سەبەتە.

**سەوە چن ، سەوە چنە:** سەبەتە تەن.

**سەوە چنی:** سەبەتە تەنین.

**سەهنڤە ، سەهنڤێ:** سەرسەخت. کەللە ڕەق.

**سەهنڤەیی:** سەرسەختی. سەهندەیی.

**سەهننە ، سەهننێ:** سەرسەخت. کەللە ڕەق.

**سەهننەیی:** سەرسەختی. سەهندەیی.

**سەهوو کەر ، سەهوو کەرە:** سەهوو کەر.

**سەهوو کەرڎەی:** سەهوو کردن.

**سەهووە:** سەهوو. هەڵە.

**سەهەن:** سەهەند. سێبەری چڕ.

**سەهەنڎ:** سەهەند. سێبەری چڕ.

**سەی:** سێبەر.

**سەیاح ، سەیاحە:** سەیاح. دنیا گەڕ.

**سەیاحەت:** سەیاحەت. گەڕان بە مەبەستی کەیف و خۆشی.

**سەیاحەتنامە:** سەیاحەتنامە.

**سەیاڎ ، سەیاڎە:** ڕاوچی. ڕاوکەر.

**سەیاڎی:** پیشە و ژیانی ڕاوچی.

**سەیاران:** چاوکتکە. گیایەکی کوێستانی بەهاری بنجداری باڵا کورتی گوڵ زەردە بە برژاوی ئەخورێ.

**سەیایۆ:** حەسانەوە.

**سەیڎاران:** چاوکتکە. پێشتر باس کرا.

**سەیر ، سەیرە:** سەیر. سەمەرە. عەجیب.

**سەیران:** سەیران.

**سەیرانکەر ، سەیرانکەرە:** سەیرانکەر.

**سەیران کەرڎەی:** سەیران کردن.

**سەیرانگا:** سەیرانگا.

**سەیرانەنە:** لە سەیراندا.

**سەیرانی ، سەیرانیە:** سەیرانکەر.

**سەیزاڎە ، سەیزاڎێ:** سەیزادە.

**سەی کەرڎەی:** سێبەر کردن.

**سەی گرتەی:** خۆر لێ مەنع کردن. سێبەر بۆ کردن.

**سەیلێ:** حەڵوا.

**سەینایۆ:** حەساندنەوە.

**سەینە:** لە سێبەردا.

**سەیوان:** سەیوان. سایە. سێبەر.

**سەیە:** سێبەر.

**سەیەك:** سێ یەك.

**سەیەك بەر ، سەیەك بەرە:** سێ یەك بەر.

**سەیەکۆچن ، سەیەکۆچنە:** کەسێك تووی کەسێکی تر بچنێتەوە و سێ یەکی تووەکانی پێ بدرێ.

**سەیەکۆچنی:** کاری: (( **سەیەکۆچن** )).

**سەیەنە:** لە سێبەردا.

**سەیێڎ ، سەیێڎە:** سەید؛ کەسێك کە لە تۆرەمەی پێغەمبەری ئیسلام بێت (د.خ).

**سێ:** ناوی پیتی (( س )).

**سی:** سی؛ بە واتای بیست دەی بچێتە سەر.

**سیا ، سیێ:** ڕەش.

**سیاتاڵە ، سیاتاڵێ:** سیاتاڵە. بەخت ڕەش.

**سیاتاڵەیی:** بەخت ڕەشی. چارە ڕەشی.

**سیا چارە ، سیا چارێ:** سیا چارە. چارە ڕەش.

**سیا چارەیی:** سیا چارەیی. چارە ڕەشی.

**سیاچۆ:** داری ڕەش.

**سیاحەت:** سیاحەت. گەشت و گوزار.

**سیا ساڵە:** سیا ساڵ. وشکە ساڵ.

**سیا ساڵی:** سیا ساڵی. وشکە ساڵی.

**سیاسەت:** سیاسەت. فڕ و فێڵ.

**سیاســـەتباز ، سیاســـەتبازە:** فێـــڵ بـــاز. سیاسەتباز.

**سیاسەتبازی:** فێڵ بازی.

**سیاسەت کەرڎەی:** فێڵ کردن.

**سیاسەنگ:** بەردی ڕەشەوە بووگ.

**سیاو ، سیاوە:** ڕەش.

**سیاوا:** ڕەشەبا.

**سیاواوە:** ڕەشاو. ئاوی ڕەش.

**سیاواوی:** ڕەشاو. ئاوی ڕەش.

**سیاو ئەوە بی یەی:** ڕەش بوونەوە.

**سیاوئەوە کریای:**ڕەش کرانەوە

**سیاو ئەوە کەرڎەی:** ڕەش کردنەوە.

**سیاو بی یەی:** ڕەش بوون.

**سیاو بی یەیۆ:** ڕەش بوونەوە.

**سیاو پۆش ، سیاو پۆشە:** ڕەش پۆش.

**سیاو پۆشی:** ڕەش پۆشی.

**سیاو چارە ، سیاو چارێ:** چارە ڕەش.

**سیاو چارەیی:** چارە ڕەشی.

**سیاوچـــەمانە:** سیاچـــەمانە؛ گـــۆرانی یـــەکی بـــەناوبانگی هـــۆرامی یـــە و چـــەند شێوەیەکیشی هەیە.

**سیاو داخە:** سیازووخاڵ.

**سیاو ڕێحان:** ڕێحانە ڕەشە.

**سیاو ساڵە:** سیا ساڵ. وشکە ساڵ.

**سیاو ساڵی:** سیا ساڵی. وشکە ساڵی.

**سیاوسەت:** سیاسەت. فڕو فێڵ.

**سیاوسەتباز، سیاوسەتبازە:**فێڵباز.

**سیاوسەتبازیی:**فێڵبازیی.

**سیاوسەڎ:** سیاسەت. فڕو فێڵ.

**سیاو کەرڎەی:** ڕەش کردن.

**سیاو کەرڎەیۆ:** ڕەش کردنەوە.

**سیاو لۆ:** جۆرێکە لە گیای لۆ.

**سیاوڵە:** ڕەشکە. ڕەشی بچکۆلە.

**ســـیاوڵێ:** ترێـــی ڕەش. مێینـــەی ڕەشـــی بچکۆلە.

**سیاو مار:** ڕەشمار.

**سیاو مانگە:** مانگی ڕەشەمێ.

**سیاوێ:** ڕەشـانگ. سـابرین و بـزن و کـار و جـۆرە هـەنگێکی تـووڕە و گەزنـدە. سێوونگ.

**سیاووا:** ڕەشەبا.

**سیاو ۆ بی یەی:** ڕەشەوە بوون.

**سیاو و چەرب:** تێکەڵەی ڕەشایی و چەوری.

**سیاوو کریای:**ڕەش کرانەوە.

**سیاو ۆ کەرڎەی:** ڕەشەوە کردن.

**سیاو هۆر گێڵای:** ڕەش هەڵگەران.

**سیاوەتی:** ڕەشایی.

**سیاوی بەردای:** ڕەش هەڵگەران.

**سیاوی دای بەر:** ڕەش هەڵگەران.

**سیاهی:** سیایی. ڕەشایی. ڕەشی.

**سیایی:** سیایی. ڕەشایی.

**سێباز:** سێباز؛ یاری سێ باز دان.

**سێباز کەرڎەی:** یاری کردنی سێباز.

**سێبەڕۆ:** سێبەڕۆ.
**سێبەنڎی:** سێ بەندە. سێبەندە.
**سێبەننی:** سێ بەندە. سێبەندە.
**سێپا:** سێ پا. سێ پایەی مەشکە.
**سێپایی:** جۆرە هەڵپرکێیەکە.
**سێپە:** ڕەبەت. بۆسەی ڕاوکەر لە ڕاوە کەوی سەرەتای بەهاردا.
**سێپەڕێ:** سێپەڕە.
**سێپێ:** سێپایەی مەشکە. سێ پێ. سێپا.
**سێتێ:** خوشکی مێرد.
**سێچکێ:** گیای تشیلکە. ترشۆکە.
**سێحر:** سیحر. جادوو.
**سێحر باز ، سێحر بازە:** جادوو باز.
**سێحر بازی:** جادوو بازی.
**سێحر کەر ، سێحر کەرە:** جادوو کەر.
**سێحر کەرڎەی:** جادوو کردن.
**سێخ:** سیخ. زرگ. شیش.
**سیخار:** دەفتەر کاغەزی جگەرە. جگەرە.
**سیخار کێش ، سیخار کێشە:** جگەرە کێش.
**سیخار کێشای:** سیخار کێشان.
**سیخچە:** سیخی بچووک.
**سیخن ، سیخنە:** سیخن. گیانداری سیسی نەخۆش.
**سیخنای:** هەناسەدان بە زەحمەت و بە دەنگەوە.
**سیخنی:** سیخنی. سیسی و نەخۆشی گیاندار.
**سێخوڕ:** پیسی ناو وورگی ئاژەڵ.
**سێخورمە:** سیخورمە. بە مشت لێدان.
**سێخە:** هەناسەدانی بە زەحمەت و دەنگدار. مارەکردنی کاتیی ژن لای شیعەکان.
**سیخە سێخ:** سیخەی زۆری یەك لە دوای یەکی.
**سێڎاران:** گیای چاوکتکە.
**سێڎارە:** سێدارە. قەنارەی زەلام خنکاندن.
**سێڎارە دای:** لە سێدارە دان.
**سێداری:** سەدارە. جۆرە کڵاوێکی سەرە.
**سی دڎانە:** سی ددانە.
**سێر ، سێرە:** تێر.
**سیر:** سیر.
**سێر:** سەیر. عەجیب.
**سیراجی:** سیرێژ. ژاژ.
**سێراو ، سێراوە:** تێراو. تێر ئاو.
**سێراو بی یەی:** تێر ئاو بوون.
**سێراو کەرڎەی:** تێر ئاو کردن.
**سێراوی:** تێراوی.
**سیر ئە نجن ، سیر ئە نجنە:** سیر ئەنجن.
**سیر ئە نجن کەرڎەی:** سیر ئەنجن کردن.
**سێر بی یەی:** تێر بوون.
**سێر کریای:** تێر کران.
**سێر کەرڎەی:** تێر کردن.
**سیرمۆکە:** سیرمۆکە.
**سیرمە:** سیرمە. پێستی خاوی زوێڵ.
**سێر وارڎەی:** تێر خواردن.
**سیرۆان:** ناوی رووبارێکە. سیروان.

**سیر و پیاز:** سیر و پیاز. دووشتی دژ بەیەك.
**سیر و ماس:** سیر و ماست.
**سـێره:** سـێر؛ وتەیەکـە شـەنگە سـووره و زەردەزیرەی پێ دەر ئەکرێ.
**سێره:** تەمەن. سێره.
**سیره کۆڵێ:** هێلەساو.
**سیره کۆه:** هێلەساو.
**سیره نجەن ، سیره نجەنه:** سیرەنجن.
**سیره نجەن بی یەی:** سیرەنجن کردن.
**سیره نجەن کریای:** سیرەنجن کران.
**سیره نجەن کەرڎەی:** سیرەنجن کردن.
**سێره وەرێ:** ژەمێکی تەواو لە خۆراك.
**سێره وەرێو:** ژەمێکی تەواو لە خۆراك.
**سێری:** تێریی.
**سێڕاجه:** سێڕجە. نەخۆشی یەکی کوشندەی وڵاغی یەك سمە.
**سێڕاجه کەرڎەی:** سێرجە کردن.
**سیڕۆه:** هەر سی ڕۆژی یەك مانگ.
**سێ ڕیان:** سێ ڕێیان.
**سێ ڕیز:** سێ ڕیزکێن.
**سێزاڎه ، سێزاڎێ:** سەیزادە.
**سیس ، سیسه:** سیس.
**سی ساڵه ، سی ساڵێ:** تەمەن سی ساڵە.
**سی ساڵەیی:** تەمەن سی ساڵی.
**سیسایی:** سیسی. ژاکاوی.
**سیس بی یەی:** سیس بوون.
**سیس کەرڎەی:** سیس کردن.

**سیسنای:** سیساندن.
**سیسۆڵه ، سیسۆڵێ:** سیسەڵە.
**سیسۆڵەیی:** سیسەڵەیی.
**سیسه ، سیسێ:** یارۆی سیسەڵە.
**سیسەرگی:** سیسرگ.
**سیسی:** سیسی. ژاکاوی.
**سیسیا ، سیسێ:** سیساو.
**سیسیای:** سیسان. ژاکان.
**سێ شەشێ:** سێ شەش.
**سی شەوه:** هەر سی شەوی یەك مانگ.
**سێعر:** سیحر..
**سێعر باز ، سێعر بازه:** جادوو گەر.
**سێعر بازی:** جادوو گەری.
**سێعر کەرڎەی:** جادوو کردن.
**سێغار:** دەفتەر کاغەزی جگەرە کێشان.
**سێفرمه:** جۆرە هرمێ یـەکی خـڕی گـەورەی چاکە.
**سیفۆن:** سیفۆن.
**سـیفەت:** سـفەت. وەفـا. ئەمـەك. تایبەنتمەندی.
**سـیفەتی ، سـەیفەتی یـه:** بـە وەفـا. بـە ئەمەك.
**سێفەرێ:** سێپەڕە. سێ پەلەك.
**سێفه زەمینیه:** پەتاتە.
**سێفی:** پەتاتە.
**سێفینه:** چێشتی پەتاتە.
**سیکارد:** چەقۆی گەورەی نەنوشتاوە.

**سێ کلکەنیای:** بە زۆر خواردن. ئاخنینە وورگەوە.

**سێکوچکە:** سێپای ئاگری لەئاسن دروست کراو.

**سێکۆچن ، سێکۆچنە:** کەسێك کە تووی باخی کەسێکی تر بچنێتەوە بە سێ یەك.

**سێکۆچنە:** گیایەکی بەهاری خۆگرە، ئەکرێ بە گسك و بن دارتووی پێ گسك ئەدرێ.

**سێکۆچنی:** چنینەوەی توو بەرامبەر سێ یەك لێ بردنی.

**سیل:** نەخۆشی سیل. دەردی باریکە.

**سیلاح:** سیلاح. چەك.

**سیلاحدار ، سیلاحدارە:** چەکدار.

**سیلاحداری:** چەکداری.

**سیلاوی ، سیلاوییە:** سیلاوی. سیل گرتوو.

**سیلدار ، سیلدارە:** دووچار بووی سیل.

**سیلداری:** دووچار بوونی سیل.

**سێلکە:** سێلك. سێ حاچە.

**سیل کەرڎەی:** سیل کردن. دیق کردن.

**سیلەو ڕەحمی:** سیلەی ڕەحم.

**سێڵێ:** حەڵوا.

**سیم:** سیم. هەودا لە زیو.

**سیما:** سیما.

**سیم بەنڎ ، سیم بەنڎە:** سیم بەند. تەلبەند کراو.

**سیمدار ، سیمدارە:** هەرچی سیمی تێ کرابێ.

**سیمرخانی:** گوو بڕ گوو بڕ. هەرا هەرا.

**سیمرخ سیمرخ:** گوو بڕ گوو بڕ. هەرا و زەنا.

**سیمرخە:** سیمرغ.

**سێمینە:** جاری سێ هەم.

**سیمین ، سیمینە:** هەرچی لە سیم کرابێ.

**سێنزە:** سیانزە.

**سێنزەم ، سێنزەمە:** سیانزەم.

**سێنزەمین ، سێنزەمینە:** سیانزەمین.

**سێنزەهەم ، سێنزەهەمە:** سیانزەهەم.

**سێنزەهەمین ، سێنزەهەمینە:** سیانزەهەمین.

**سێنزەهەمینی:** سیانزەهەمینی.

**سینکەر ، سینکەرە:** گدگر.

**سینکەرڎەی:** گدگرتن.

**سینە: سنگ. گەردەنە.**

**سینە بەر پڕنای:** سنگ دەرپەڕاندن. خۆ گیف کردن.

**سینە پان ، سینە پانە:** سنگ پان.

**سینە پانی:** سنگ پانی.

**سینە پۆش:** ئەو جلەی ئەدرێ بە سەر سنگ و بەرۆکی منالی ناو بێشکەدا.

**سینە تەسك ، سینە تەسکە:** سنگ تەنگ. بێ حەوسەڵە.

**سینە تەسکی:** سنگ تەنگی. کەم حەوسەڵەیی.

**سینه تەنگ ، سینه تەنگە :** سنگ تەنگ.

**سینه تەنگی:** سنگ تەنگی.

**سینه ڕەق ، سینه ڕەقە :** سنگ ڕەق.

**سینه ڕەقی:** سنگ ڕەقی.

**سینه زەنی:** سنگ کوتانی شیعه.

**سینه ساف ، سینه سافە :** سنگ ساف.

**سینه سافی:** سنگ سافی. دڵپاکی. بێ قینی.

**سینه فراوان ، سینه فراوانە :** سنگ فراوان.

**سینه فراوانی:** سنگ فراوانی.

**سینەما :** سینەما.

**سینەمایی ، سینەماییە :** سینەمایی.

**سینه مەڕیا ، سینه مەڕیێ:** سنگ شکاو.

**سینه مەڕیای:** سنگ شکان.

**سینەمەکی:** سینامەکی.

**سینه و بەرۆك:** سنگ و بەۆرك.

**سینه و پای:** ژێر پێ لە نێوان چالآیی ژێر پێ هەتا سەرەتای پەنجەکانی پێ.

**سینەی بێ کینە :** سنگی دوور لە ڕق و قین.

**سینی:** سینی. گەد؛ بە رکا کەوتن.

**سیواك:** سیواك.

**سیواك کەرڎەی:** سیواك هێنان بە دەم و ددانْدا.

**سێ و دوو کەرڎەی:** سێ و دوو کردن. دوو دڵی کردن.

**سێ و دوو نە کەرڎەی:** سێ و دوونە کردن. دوو دڵی نە کردن.

**سیۆ سیۆە:** سیو سیوە.

**سێۆە بن عەرزیلێ:** سێوی بن عەرز.

**سیوەنگ:** ڕەشی زۆر جوان.

**سێۆەنگی:** ڕەنگی ڕەشی زۆر جوانی بریسکە دار.

**سێۆی:** پەتاتە.

**سێۆینە :** چێشتی پەتاتە؛ شلەی پەتاتە.

**سیهەم ، سیهەمە :** سیهەم.

**سیهەمی :** سیهەمی.

**سیهەمین ، سیهەمینە :** سیهەمین.

**سیهەمینی :** سیهەمینی.

**سی یە :** سی یە. ناوە بۆ سەنگی کێشانەیەك.

**سی یە سی یە :** سیسیی؛ وتەی هاندانی گەماڵ بۆ پەڕین.

**سی یەم ، سی یەمە :** سی یەم.

**سی یەمی:** سی یەمی.

**سی یەمین ، سی یەمینە :** سی یەمین.

**سی یەمینی :** سی یەمینی.

* * *

# ش

## پیتی شێ (ش)

**ش: ش**؛ پیتێکە لە پیتەکانی زمانەکەمان.
جێناوی لکاوی کەسی سێ یەمی تاکە. فەرمانە بە بێ دەنگ بوونی کەسی دووەم.

**شا:** شا. پادشا. جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی کۆ.

**شاباز:** شاباز؛ بازی گەورە.

**شاباش:** شاباش.

**شاباشکەر** ، **شاباشکەرە:** شاباشکەر.

**شاباش کریای:** شاباش کران.

**شاباش کەرڎەی:** شاباش کردن.

**شاباشی** ، **شاباشیە:** شتێ لە شاباشدا درابێ.

**شابالْ:** شابالْ.

**شابەنڎەر** ، **شابەنڎەرە:** شابەندەر. قونسور.

**شابەنڎەر خانە:** شابەندەر خانە.

**شابەننەر** ، **شابەننەرە:** شابەندەر.

**شابەننەر خانە:** شابەندەر خانە.

**شا پلیرانی:** هەڵس و کەوتی شاهانەی بێ سنوور تایبەت بۆ پیاوێکی وا کەبێ سنوور خەرج بکات.

**شا پەریە:** شا پەری.

**شا پەسەنڎ** ، **شا پەسەنڎە:** شا پەسەند.

**شا پەل:** شا پەڕ.

**شا پیا:** شا پیاو.

**شاتر** ، **شاترە:** شاتر. تەتەر.

**شاتری:** شاتری. تەتەری.

**شاتنای:** شاتاندن. ڤیژاندن.

**شات و شووت:** شات و شووت.قسە هێنان و قسە بردن بۆ ئاژاوە نانەوە.

**شات و شووتکەر** ، **شات و شووتکەرە:** شات و شووتکەر.

**شات و شووت کەرڎەی:** شات و شووت کردن.

**شاتە:** شاتی درەخت. شاتە بە واتای ڤیژە.

**شاتەڕە:** شاتەڕە؛ گیایەکی بەهاری یە.

**شاتە شات:** شاتە شات.

**شاتە شاتکەر** ، **شاتە شاتکەرە:** شاتە شات کەر.

**شاتە شات کەرڎەی:** شاتە شات کردن.

**شاتێ:** خەپلەی نیوە برژاو.

**شاتیایۆ:** شاتە شات کردن. ڤیژاندن.

**شا جۆە:** جۆگەی گەورە. شا جۆگە.

**شاخ:** شتێکی رەقە بە سەرپشتی هەندێ حەیوانەوە دەردێت.

**شاخان و باخان:** چاخان و باخان. بێ یاسایی.

**شاخانی:** شەڕە شاخ. شەڕە قۆچ.
**شـاخ بەرکـەرڎەی:** مەبەسـت زۆر پەشـیمانی یە.
**شاخڎار ، شاخڎارە:** شاخدار.
**شاخڎاری:** شاخداری.
**شاخ زنیەی:** شاخ دەرکردن.
**شاخ شان ، شاخ شانە:** شاخ وەشێن.
**شاخ شانای:** شاخ وەشاندن. قۆچ وەشاندن.
**شاخ شای:** شاخ وەشاندن.
**شاخ کەرڎەی:** تەواو دەماخ بوونی ڕووەك.
**شاخ و داخ:** شاخ و داخ.
**شاخە ماڕێ:** شاخ شکێنێ. بە شـەڕ دانـی دوو گیانداری شاخدار تا شاخی یەکێکیان دەشکێ.
**شاڎ ، شاڎە:** شاد.
**شادار:** شاتیر. داری گەورەی خانوو.
**شادانە:** شادانە؛ تۆوی گوش.
**شاڎ ئەۋە بی یەی:** شاد بوونەوە.
**شاڎ ئەۋە کریای:** شاد کرانەوە.
**شاڎ ئەۋە کەرڎەی:** شاد کردنەوە.
**شاڎ بی یەی:** شاد بوون.
**شاڎ بی یەیۆ:** شاد بوونەوە.
**شاڎ کریای:** شاد کران.
**شاڎ کریایۆ:** شاد کرانەوە.
**شاڎ کەرڎەی:** شاد کردن.
**شاڎ کەرڎەیۆ:** شاد کردنەوە.
**شاڎمان ، شاڎمانە:** شادمان.
**شاڎمان ئەۋە بی یەی:** شادمان کردنەوە.
**شاڎمان ئەۋە کریای:** شادما کرانەوە.
**شاڎمان ئەۋە کەرڎەی:** شادما کردنەوە.
**شاڎمان بی یەی:** شادمان کردن.
**شاڎمان کریای:** شادما کران.
**شاڎمان کەرڎەی:** شادما کردن.
**شاڎمانی:** شادمانی.
**شاڎ نیشتەی:** وتەیەکە لە جیاتی سـەلام لـێ کـردن. ژنـان دەیڵـێن یـانی بەشـاد دانیشیت.
**شاڎۆ بی یەی:** شاد بوونەوە.
**شاڎۆ کریای:** شاد کرانەوە.
**شاڎۆ کەرڎەی:** شاد کردنەوە.
**شا دەمار:** شا دەمار.
**شاڎی:** شادیی.
**شـاڎی ئـارڎەیۆ:** شـادی هێنانـەوە؛ وتەیەکـە ژنان بـەکاری دێـنن لـە کـاتی سـەفەر کردنی کەسێکدا.
**شـاڎی بـەرڎەیۆ:** شـادی بردنـەوە؛ وتەیەکـە ژنـــان بـــەکاری دێـــنن لـــە کـــاتی چوونەوەی کەسێکدا.
**شاڎی پنە بی یـەی:** ئومێـد پـێ بـوون. هیـوا پێ بوون.
**شاڎی پەنە بی یەی:** ئومێد پێ بوون.
**شاڎیکامی:** ئۆخەی کردن بەرامبـەر شکستی ناحەز.
**شاڎیکامی ئارڎەی:** ئۆخـەی کـردن بەرامبـەر شکستی ناحەز.

**شاڎیکامی ئاوڕڎەی:** ئۆخەی کردن بەرامبەر شکستی ناحەز.
**شاڎی مەرگ ، شاڎی مەرگە:** شادە مەرگ.
**شاڎی مەرگ بی یەی:** شادە مەرگ بوون.
**شاڎی مەرگ کەرڎەی:** شادە مەرگ کردن.
**شاڎی مەرگی:** شادە مەرگی.
**شاڎی و شیۆەن:** شادی و شیوەن.
**شاڎی و لۆغان:** شادیی لۆغان.
**شاڎی وەر ، شاڎی وەرە:** شادی نۆش.
**شاڎیەنە:** لە شادیدا.
**شار:** شار.
**شارا:** شارا.
**شاڕا:** شاڕێ. شا ڕێگە. ڕێگەی زۆر گەورە.
**شارانگەڕ ، شارانگەڕە:** شارانگەڕ.
**شارانگەڕی:** شارانگەڕی.
**شارایۆ:** شاردنەوە.
**شار باجەڕیە:** ترێ دۆشاویی.
**شار بە دەر ، شار بە دەرە:** شار بە دەر.
**شار بە دەر بی یەی:** شار بە دەر بوون.
**شار بە دەر کریای:** شار بە دەر کران.
**شار بە دەر کەرڎەی:** شار بە دەر کردن.
**شار بە دەری:** شار بە دەری.
**شارتەیۆ:** شاردنەوە.
**شار دار ، شار دارە:** شار دار. دارۆغە.
**شاداری:** شارداری. بەلەدیە قائمقائمیەت.
**شار کەرڎەی:** شار کردن لە گەمە و یاریدا.

**شار نشین ، شار نشینە:** شار نشین. خەڵکی شار.
**شار نشینی:** دانیشتن و ژیان لە ناو شاردا.
**شارۆ:** لە شارەوە.
**شارۆ:** شارۆ.
**شارۆ شار:** ئەم شار و ئەو شار.
**شارۆ شار کەرڎەی:** ئەم شار و ئەو شار کردن.
**شارۆ کەر ، شارۆ کەرە:** شارۆ کەر.
**شارۆ کەرڎەی:** شارۆ کردن.
**شارەزوور:** شارەزوور.
**شارەزوورۆ:** لە شارەزوورەوە.
**شارەزوورەنە:** لە شارەزووردا.
**شارەزووری ، شارەزووریە:** شارەزووری.
**شارەسان:** شارستان.
**شارەسانەنە:** لە شارستاندا.
**شارسانی ، شارسانیە:** شارستانی.
**شارسانیەت:** شارستانیەت.
**شاڕەگ:** شاڕەگ.
**شارەۆان ، شارەۆانە:** دارۆغە.
**شارەۆانی:** شارەوانی. دارۆغەیی.
**شاری ، شاری یە:** شاری.
**شاریانە:** شاری ئاسا.
**شاریاۆە ، شاریێۆە:** شاراوە.
**شاریایۆ:** شاردرانەوە.
**شاڕێخە:** شا ڕەگ. ئەستوورترین ڕەگ.
**شاڕیشە:** شاڕەگ.

**شازاده ، شازادێ:** شازادە.

**شازادەیی:** شازادەیی.

**شاژەنی:** شاژن.

**شا سوار ، شا سوارە:** شا سوار.

**شا سواری:** شا سواری.

**شاش ، شاشە:** تەنك.

**شاش بی یەی:** تەنك بوون.

**شاش کریای:** تەنك کران.

**شاش کەرذەی:** تەنك کردن.

**شاش و شۆڵ ، شاش و شۆڵە:** شاش و وێش.

**شاش و شۆڵی:** شاش و وێشی.

**شـاش و شـەوێڵ ، شـاش و شـەوێڵە:** شـاش و وێش.

**شاش و شەوێڵی:** شاش و وێشی.

**شاشی:** تەنکی.

**شاشیەنە:** لە تەنکیدا.

**شاعێر ، شاعێرە:** شاعیر.

**شاعێرانە ، شاعێرانێ:** شتی شاعیرانە.

**شاعێری:** شاعیریی.

**شاف:** شاف.

**شاف نریا ، شاف نریێ:** شاف نراو.

**شاف نریای:** شاف نران.

**شاف نیای:** شاف نان. شاف پێ هەڵگرتن.

**شاقۆڵ:** شاقۆڵ. شاووڵ.

**شاقولاپ:** شاقولاپ. قولاپی گەورە.

**شـاقۆڵیاغە:** چێشتی ترخێنـە ساوەری تـێ کرابێ.

**شاقووڵ:** شاووڵ.

**شاقووڵی:** عەموودیی. ستوونیی.

**شاکار:** شاکار.

**شا کوش:** ناوی جۆرە دەمانچەیەکە.

**شاکەرەمیە:** ناوی جۆرە توویەکە.

**شاگرذ ، شاگرذە:** شاگرد.

**شاگرذانە:** شاگردانە.

**شاگرذی:** شاگردی.

**شاگەرذانی:** شاگەردانی. پاشا گەردانی.

**شاگرذە:** دارێکی درێـژی قەلانکە دارە جۆڵا بژاری رایەڵی پێ ئەکا.

**شاگونج:** شاگونج.

**شاگەشکە:** شاگەشکە.

**شــاڵ:** پارچـەی قوماشـی سـەوزی تایبـەتی سەری یان پشتوێنی سەیید.

**شالیار ، شالیارە:** شالیار. وەزیر.

**شالیاری:** شالیاری؛ وەزیری.

**شاڵی هەماگیر:** هەمبانە بۆرینە.

**شام:** شام؛ نانی ئێوارە. وڵاتی شام.

**شامار:** شامار. ئەژدیها.

**شام کەرذەی:** شام کردن.

**شامگا:** شامگا. کاتی شام خواردن.

**شام وارذەی:** شام خواردن.

**شامو شەوێ:** نانی ئێوارە.

**شامی ، شامیە:** شامی. سەری رووتاوە.

**شـــان ، شـــانه:** ملـــه. گـــەورەیی و شـــكۆ. پاشـگرێكە چـووه سـەر هـەر نـاوێ اسمی فاعل دروست دەكات.
**شانازی:** شانازی.
**شانازی پۆ كەرڎەی:** شانازی پێوه كردن.
**شانازی پۆۆه كەرڎەی:** شانازی پێوه كردن.
**شانازی كەرڎەی:** شانازی كردن.
**شانای:** وەشاندن. وەراندنی بەری درەخت.
**شانایره:** داوەشاندن. داوەراندن.
**شانایته:** تێ وەشاندن. تێ وەراندن.
**شانایەره:** داوەشاندن. داوەراندن.
**شانایەنه:** تێ وەشاندن. تێ وەراندن.
**شان به شان:** شان به شان.
**شان دای شان:** لێهاتن. هاوشان بوون.
**شانزه:** شانزه. شازده.
**شانزه ساڵه ، شانزه ساڵێ:** تەمەن شازده ساڵ.
**شانزه ساڵەیی:** تەمەن شازده ساڵی.
**شانزەم ، شانزەمه:** شانزەم.
**شانزەمی:** شانزەمی.
**شانزەمین ، شانزەمینه:** شانزەمین.
**شانزەمینی:** شانزەمینی.
**شانزەهەم ، شانزەهەمه:** شانزەهەم.
**شانزەهەمی:** شانزەهەمی.
**شانزەهەمین ، شانزەهەمینه:** شانزەهەمین.
**شانزەهەمینی:** شانزەهەمینی.
**شانس:** شانس. بەخت.
**شانسدار ، شانسداره:** شانسدار.
**شانسداری:** شانسداری.
**شانشین:** شانشین.
**شانكه و لانكه:** گەمەیەكی منالانه.
**شان و باڵ:** شان و باڵ.
**شان و پێڵ:** شان و كۆڵ. شان و پشت.
**شانۆ شان:** شانەو شان. رێ كردنی به لەنجه و لار.
**شانۆ شۆكنای:** شان شۆكاندنەوه.
**شان و شۆكەت:** شان و شكۆ.
**شان و شه پێڵ:** شان و شەپیلك.
**شانوكلێ:** بزنه ڕیشه.
**شان و هەیبەت:** شكۆ و سام.
**شانه:** شانەی سەر داهێنان. شانی هەنگوین.
**شانه ئازتەیره:** شان داهێلان.
**شانه ئازتەیەره:** شان داهێلان.
**شانه ئاستەیره:** شان داهێلان.
**شانه ئاستەیەره:** شان داهێلان.
**شانه ئەره دای:** شان دادان.
**شانه پان ، شانه پانه:** شان پان.
**شانه پانی:** شانه پانی.
**شانه پەی شل كەرڎەی:** شان بۆ شل كردن.
**شانه تەپا ، شانه تەپێ:** شان داچەكاو.
**شانه تەپای:** شان داچەكان.
**شانه تەپایره:** شان داچەكین.
**شانه تەپایەره:** شان داچەكین.
**شانه خڕێ:** شانه خڕێ.

**شانه دایره:** شان دادان.

**شانه دایەرە:** شان دادان.

**شانه دای ۆنه :** شان لێدان.

**شانه دای وەنه :** شان لێدان.

**شانه شا :** شانشا. شای شایان.

**شـانه شـل کـەرڎەی:** شـان شـل کـردن. ناچـار بـوون. ناچـار کـردن. سـازش کـردن. قایل بوون.

**شانه کووڕ ، شانه کووڕە:** شان داچەکاو.

**شانه کووڕی:** شانه داچەکان.

**شـانه کـەرڎەی:** شـانه کـردن. شـانه دروسـت کردن.

**شانه و شان:** ڕێ کردنی به لار و لەنجه.

**شانه ۆنه دای:** شان لێدان.

**شانه وەنه دای:** شان لێدان.

**شانه هۆر تەکنای:** شان هەڵتەکاندن.

**شـانەیی یـه :** بـەرماڵێك کـه نەخـشەکەی لـه شانه بکات.

**شانیا ، شانییێ:** وەشێنراو. هاوێژراو.

**شانیای:** وەشێنران. هاوێژران.

**شانیایره:** داوەشێنران.

**شانیایەرە:** داوەشێنران.

**شاوور:** شاوور. فیقەنه.

**شاووڵ:** شاووڵ.

**شاۆت:** شاوەت.

**شاه:** شاه. شاه. پاشا.

**شاهانه ، شاهانێ:** شاهانه. پاشایانه.

**شاهۆ:** چیای شاهۆ.

**شا هه نجیر:** جۆره هەنجیرێکی نایابه.

**شاهەنشا:** پاشای پاشایان.

**شاهەنگ:** شاهەنگ.

**شاهی:** پاشایی. پاشایەتی.

**شاهێڎ ، شاهێڎە:** شاهید. شایەت. لەوانەیـە. ڕەنگە.

**شاهێڎ گرتەی:** شاهید گرتن.

**شاهێڎ ۆنه گرتەی:** شاهید لێ گرتن.

**شاهێڎ وەنه گرتەی:** شاهید لێ گرتن.

**شاهێڎی:** شاهیدی. شایەتی.

**شاهێڎی پەی دای:** شایەتی بۆ دان.

**شاهێڎی دای:** شایەتی دان.

**شاهێڎی سەر دای:** شایەتی لەسەر دان.

**شاهێن:** شاهێن. داری درێژی تەرازوو.

**شایان:** شاهێن. داری درێژی تەرازوو.

**شایەت:** شایەد. ڕەنگە. لەوانەیە.

**شایەتا:** شایەد. ڕەنگە. لەوانەیە.

**شایێڎی:** شایەتی.

**شایێن:** شاهێن.

**شایی:** پاشایی. پادشایی.

**شپ:** دەنگێکـه لـه دەمـی ژن دەردەچێت لـه کاتی سندۆڵ کوتاندا.

**شپرزه ، شپرزێ:** شپرزه.

**شپرزه بی یەی:** شپرزه بوون.

**شپرزه کریای:** شپرزه کران.

**شپرزه کەرڎەی:** شپرزه کردن.

**شپرزیا ، شپرزیێ**: شپرزیاگ.
**شپرزیای**: شپرزیان. شپرزە بوون.
**شپرزەیی**: شپرزەیی.
**شت**: وتەیەکە بۆ بێ دەنگ کردن دەوترێ.
**شت و شۆر**: شت و شۆ. ئابڕوو. حەیا.
**شت و شۆر بڕیەی**: شت و شۆ بڕین. ئابڕوو بردن بە جنێو و قسەی پیس و ناخۆش.
**شت و شۆر بەر ئارڎەی**: ئابڕوو بردن بە قسە.
**شت و شۆر دای**: شت و شۆر دەرهێنان.
**شتەی**: شتن.
**شتەیرە**: داشتن.
**شتەینە**: تێ شتن. لە شتنا.
**شتەیۆ**: شتنەوە.
**شتەیەرە**: داشتن.
**شتەیەنە**: تێ شتن. لە شتنا.
**شخارتە**: شخارتە. شقارتە.
**شرا**: شەرا.
**شرا بەرڎە ، شرا بەرڎێ**: شەرا بردوو.
**شرا بەرڎەی**: شەرا بردن.
**شراقە**: شریقە. دەرزی پزیشکی.
**شراقە شراق**: شریقە شریق. شراخە شراخ.
**شراقی**: شقاڕ. درزی گەورە.
**شراو مەرگی**: شەرای مەرگ.
**شرنگە**: شرنگە.
**شرنگە شرنگ**: شرنگە شرنگ.
**شروە هەرالی**: گولێکی سوور و سپی یە.
**شریتە**: شریت. پەت.
**شرێخنای**: شریخاندن.
**شرێخە**: . شریخە.
**شرێخە شرێخ**: شریخە شریخ.
**شرێخە کەرڎەی**: شریخە کردن.
**شرێخیایۆ**: شریخانەوە. شریخە شریخ کردن.
**شرێقنای**: شریقاندن. شریخاندن.
**شرێق و هۆڕ**: شریق و هووڕ.
**شرێقە**: شریقە. دەرزی پزیشکی.
**شرێقە پەی کەرڎەی**: دەرزی لێدان.
**شرێقە شرێق**: شریقە شریق.
**شرێقە ۆنە دای**: دەرزی لێدان.
**شرێقە وەنە دای**: دەرزی لێدان.
**شرێنقە**: شرینقە، دەرزی پزیشکی.
**شرێقیایۆ**: شریخە شریخ کردن.
**شڕ ، شڕە**: شڕ. جڕت.
**شڕاڵ ، شڕاڵە**: مرۆڤی زۆر شڕ.
**شڕ ئەرە کێشای**: جڕت لێدان.
**شڕ ئەرە کێشتەی**: جڕت لێدان.
**شڕ بی یەی**: شڕ بوون. کون تێ بوون. دڕان.
**شڕ پۆش ، شڕ پۆشە**: شڕ پۆش.
**شڕ پۆشی**: شڕ پۆشی.
**شڕتە و شڕتە ، شڕتێ و شڕتێ**: شتی شڕتی و پڕتی.
**شڕتی و پڕتی**: شڕم بڕم. شتی بێ سەر و پێ.
**شڕ شێت ، شڕ شێتە**: شڕ شێت.

**شڕ شێتی:** شڕ شێتی.

**شڕ کەرژەی:** شڕ کردن.

**شڕ کێشتەیرە:** جڕت لێدان.

**شڕ کێشتەیەرە:** جڕت لێدان.

**شڕ و شیتاڵ:** شڕ و شیتاڵ.

**شڕ و شیۆاڵ ، شڕ و شیۆاڵە:** شڕ و شیتاڵ. شڕۆڵ.

**شڕ و شیۆاڵی:** شڕۆڵی.

**شڕ و شێۆیا ، شڕ و شێۆیێ:** شڕ و شێواو.

**شڕ و شێۆیایی:** شڕ و شێوان. شڕی و شێواوی.

**شڕۆڵە ، شڕۆڵێ:** شڕۆڵ.

**شڕۆڵەیی:** شڕۆڵی.

**شڕۆی:** داری شێن.

**شڕووڕ ، شڕووڕە:** شڕو ووڕ. شتی زۆر شڕ.

**شڕۆین ، شڕۆینە:** هەرچی لە شێن دروست بکرێ.

**شڕها:** تڕحێو.

**شڕە:** شڕە. جل. جلك.

**شڕە و مڕە:** شڕە و مڕە. شڕە و بڕە.

**شڕە وەر ، شڕە وەرە:** شڕە خۆر.

**شڕە وەری:** شڕە خۆری.

**شڕی:** شڕی. کون کونی. دڕاوی.

**شش:** شەش.

**شش پارچە ، شش پارچێ:** شەش پارچە.

**شش پارچەیی:** شەش پارچەیی.

**شش پاڵوو:** شەش پاڵوو.

**شش پەنجە ، شش پەنجێ:** شەش پەنجە.

**شش پەنجەیی:** شەش پەنجەیی.

**ششت:** وتەی فەرمان کردن بە بێ دەنگ بوون.

**شش تا ، شش تێ:** شتی شەش هەودا.

**شش تاڵ ، شش تاڵە:** شەش تاڵ. شەش هەودا.

**شش تاڵی:** شەش تاڵی. شەش هەودایی.

**شش تۆ ، شش تۆە:** شەش توێ. شەش دەق.

**شش تەرەفە:** شەش سەرەفە؛ سەر، خوار. ژێر. ڕاست، چەپ، سەروو.

**شش تەلاقە:** شەش تەلاقە.

**شش تیر:** شەش تیر.

**شش خان:** شەش خان.

**شش دانگە:** شەش دانگە.

**شش دەر:** شەشدەر.

**شش دەق ، شش دەقە:** شەش دەق.

**شش دەقی:** شەش دەقی.

**شش دیم ، شش دیمە:** شەش دیو. شەش پاڵوو.

**شش ڕا:** شەش ڕێیان.

**شش ڕییان:** شەش ڕییان.

**شش ساڵ ، شش ساڵە:** تەمەن شەش ساڵە.

**شش ساڵەیی:** تەمەن شەش ساڵی.

**شش سەذ:** شەش سەد.

**شش شووە:** ژنی شەش شووکەر.

**شش شەوێ:** مانگی شەش شەوە.

**شش گەڕ:** کڵاش کە دەورەکەی شەش ڕیز چنرابێ.

**شش لا ، شش لێ:** شتی شەش لا یان لۆ.

**ششڵان:** شەشلان. مانگی شەوال.

**شش لۆ:** شەش لۆ. شەش دەق.

**شش مانگە ، شش مانگێ:** تەمەن شەش مانگە.

**شش مانگەنە:** لە تەمەن شەش مانگیدا.

**شش مانگەیی:** شەش مانگەیی.

**شش وەچ:** کڵاشی شەش وەچ چنراو.

**ششهەم ، ششهەمە:** شەشهەم.

**ششهەمین ، ششهەمینە:** شەشهەمین.

**ششەم ، ششەمە:** شەشەم.

**ششەمین ، ششەمینە:** شەشەمین.

**ششەمینی:** شەشەمینی.

**ششی ، ششیە:** شەشی.

**شش یەك:** شەش یەك.

**شش یەکی:** شەش یەکی.

**شعوور:** شعوور. ئاوەز. هۆش.

**شعوور دار ، شعوور دارە:** شعوور دار.

**شعوور داری:** شعوور داری.

**شعوور کەرڎەی:** شعوور کردن.

**شفا:** شەفا. چاك بوونەوە.

**شفا بەخ ، شفا بەخشە:** شەفا بەخش.

**شفا دای:** چاك کردنەوەی نەخۆش.

**شفاعەت:** شەفاعەت.

**شفاعەتکار ، شفاعەتکارە:** شەفاعەتکەر.

**شفاعەتکاری:** شەفاعەت کردن.

**شفاعەتکەر ، شفاعەتکەرە:** شەفاعەتکەر.

**شفاعەت کەرڎەی:** شەفاعەت کردن.

**شفا و لاڵە:** شەفا و لالانەوە. پاڕانەوە.

**شفرە:** شفرە؛ بڕەی بەراز.

**شفرە دار ، شفرە دارە:** شفرە دار.

**شفعە ، شفعێ:** بێ پەرژین. زاراوەیەکی شەرعی یە بەو شتە ئەوترێ کە تێکەڵ یان نزیکی شتی دراوسێ یەکەیەتی.

**شفعە بی یەی:** بێ پەرژین بوون.

**شفعە کەرڎەی:** بێ پەرژین کردن.

**شفعەیی:** بێ پەرژینی.

**شقارتە:** شقارتە. شخارتە. کبریت.

**شکات:** شکات. شکاڵ.

**شکاتکەر ، شکاتکەرە:** سکاڵ کەر.

**شکات کەرڎەی:** شکات کردن.

**شکاتنامە:** سکاڵانامە.

**شکات و شکاتکاری:** سکاڵ لەیەکتر کردن.

**شکار:** شکار. ڕاوی بە کۆمەڵ.

**شکارتە ، شکارتە:** پەڵە دانەوێڵەی بچووك.

**شکار کەر ، شکار کەرە:** شکار کەر.

**شکار کەرڎەی:** شکار کردن.

**شکارگا:** شکارگا. شوێنی شکار.

**شکارەنە:** لە شکاردا.

**شکاوای:** ئەنجنین. قیمە کردن.

**شك بەرڎەی:** شکست. شکان.

**شكس ئارڎەی:** شکست هێنان.

**شكس ئامای ملەرە:** شکست بەسەرا هاتن.

**شكس ئاوَرڎەی:** شکست هێنان.

**شكسە ، شكسیْ:** شکستە. شکاو.

**شكسەیی:** شکستی.

**شكسی:** شکستی. شکان.

**شكڎار ، شكڎارە:** بە گومان.

**شكڎاری:** بە گومانی.

**شك كەرڎەی:** گومان کردن. گومان بردن.

**شك گرتەی:** گومان بردن. وازانین ( توقع ).

**شك گیر:** ڕێ تێ چووگ. زەن بۆ چووگ.

**شكڵ:** شێوە. شكڵ.

**شكڵ پیس ، شكڵ پیسە:** شكڵ پیس.

**شكڵ پیسی:** شكڵ پیسی.

**شكڵ گول ، شكڵ گولە:** ناشرین. بەد شكڵ.

**شكڵ گولی:** شكڵ ناشرینی.

**شكڵ مەرڎە ، شكڵ مەرڎیْ:** شكڵ مردوو. دوعایەکی شەڕە و بۆ سووکایەتیشە.

**شكڵ و شەماعەت:** سەر و سیما.

**شكڵ وەش ، شكڵ وەشە:** شێوە خۆش.

**شكڵ وەشی:** شێوە خۆشی.

**شكۆ:** شکۆ. سام و سامان گەورەیی.

**شكور:** شوکر. سوپاس بۆ خوا.

**شكور كەرڎەی:** سوپاس کردنی خوا.

**شكۆفە:** شکۆفە.چرۆ. گۆپکەی دار.

**شكۆفیای:** شکۆفیان. وابوون. دەم کردنەوە. پشکووتن و گەشانەوە.

**شكۆ كۆتەی:** کەوتنە شکەوە.

**شكۆ وَزتەی:** خشتنە شکەوە.

**شكۆ وَستەی:** خشتنە شکەوە.

**شكۆمەن ، شكۆمەنە:** خاوەن شکۆ. بەشکۆ.

**شكۆمەنڎ ، شكۆمەنڎە:** خاوەن شکۆ. بەشکۆ.

**شكۆمەنڎی:** بەشکۆیی.

**شكۆمەننی:** بەشکۆیی.

**شك وَنە كەرڎەی:** گومان لێ کردن.

**شك وەنە كەرڎەی:** گومان لێ کردن.

**شكە:** گومان. شەك.

**شكەست:** شکەست.

**شل ، شلە:** شل. خاو. نەرم.

**شل ئەرە بی یەی:** خاو بوونەوە. گۆڕان بەرەو شلی.

**شل ئەوَە بی یەی:** شل بوونەوە.

**شل ئەوَە كریای:** شل کرانەوە.

**شل ئەوَە كەرڎەی:** شل کردنەوە.

**شل بی یەی:** شل بوون. نەرم بوون.

**شل بی یەیرە:** خاو بوونەوە. گۆڕان بەرەو شلی. داهێزران.

**شل بی یەیۆ:** شل بوونەوە.

**شل بی یەیەرە:** خاو بوونەوە. گۆڕان بەرەو شلی. داهێزران.

**شل بی یەیەنە:** لە شل بووندا.

**شل شل:** شل شل. نەرم نەرم.

**شل شلێۆ:** شل شلێك.

**شلكە:** گۆشتی نەرم و شلی ئەندام.

**شل کریای:** شل کران.

**شل کریایۆ:** شل کرانەوە.

**شل کەرڎەی:** شل کردن.

**شل کەرڎەیۆ:** شل کردنەوە.

**شلکەو ڕانی:** گۆشتی نەرم و شلی ڕان.

**شلکینێ:** شلکێنە.

**شل گرتەی:** شل گرتن. پێچەوانەی توند گرتن.

**شل گیر ، شل گیرە:** شل گیر.

**شل گیری:** شل گیری. دژی سەخت گیریی.

**شلۆ بی یەی:** شل بوونەوە.

**شل و شۆڵ ، شل و شۆڵە:** شل و شۆڵ.

**شل و شۆڵی:** شل و شۆڵی.

**شل و شێۆیا ، شل و شێۆیێ:** شل و شێواو.

**شل و شێۆیای:** شلی و شێوان.

**شل و شەۆێڵ ، شل و شەۆێڵە:** شل و شەویق.

**شل و شەۆێڵی:** شل و شەویقی.

**شلۆ کریای:** شلەوە کران.

**شلۆ کەرڎەی:** شلەوە کردن.

**شل و مل ، شل و ملە:** شل و مل. نەرم شل.

**شل و ملی:** شل و ملی. نەرم و شلی.

**شلە پەتێ:** شلە پەتە.

**شلە شاری ، شلە شاری یە:** شلە شاری.

**شلە شل:** شلە شل. خاوە خاو.

**شلە ڤاۆرمە:** شلە ڤاورمە.

**شلەکاۆی:** ڕووەکێکە گەڵاکەی لە گەڵای مۆرد ئەکات و هەڵدزەنێ بە دار و دیواردا.

**شلە کڵاو:** جۆرە کڵاوێکی منداڵانەی درێژە.

**شلەمەنی:** شلەمەنی.

**شلی:** شلی.

**شلیرە گرتەی:** شل کوتی مەرگ کردن.

**شلێڤنای:** شلیڤاندن. شلەڤاندن.

**شلێڤیا ، شلیڤیێ:** شلیڤاو. شلەڤاو.

**شلێڤیای:** شلیڤان. شلەڤان.

**شلیلە:** شلیلە.

**شڵ ، شڵە:** شڵ.

**شڵپ و کوت:** شڵپ و کوت.

**شڵپ و هۆڕ:** شڵپ و هووڕ.

**شڵپە:** شڵپ. شڵپە.

**شڵپە شڵپ:** شڵپە شڵپ.

**شڵڤاۆە:** شڵڤاو.

**شڵق و هۆڕ:** شڵق و هووڕ.

**شڵقە:** شڵقە.

**شڵقە شڵق:** شڵقە شڵق.

**شڵە ، شڵێ:** یارۆی شڵ.

**شڵە پنای:** جۆرە لێدانێکی سەختی دەنگدارە.

**شڵە پەتنای:** جۆرە لێدانێکی سەختی دەنگدارە.

**شڵە پەتیا ، شڵە پەتیێ:** لێدراوێک کە لە لێدانیا شڵپە دەبیسترێ.

**شڵە پەتیای:** لێدران بە دەنگی شڵپەوە.

**شڵە ڕەڤێ:** جۆرە ترێیەکی ناسکە و ڕەشە.

**شڵەڤنای:** شڵەڤاندن.

**شڵەقەتنای:** شڵەقاندن. جووڵاندن.

**شڵەقەتیا ، شڵەقەتییٚ:** شڵەقاو. جووڵاو.

**شڵەقەتیای:** شڵەقان. جووڵان.

**شڵەقیا ، شڵەقییٚ:** شڵەقاو.

**شڵەقیای:** شڵەقان.

**شڵە مار:** شڵە مار.

**شڵیْ:** ترێیەکی ناسکی شڵی مەیلە و ڕەشە.

**شڵێژنای:** شڵەژاندن.

**شڵێژیا ، شڵێژییٚ:** شڵەژاو.

**شڵێژیای:** شڵەژان.

**شڵێۏنای:** تێکدان.

**شڵێۏیا ، شڵێۏییٚ:** تێکدراو.

**شڵێۏیای:** تێك چوون.

**شمشاد:** شمشاد.

**شمشە:** شمشە؛ داری ڕاستی بەنایی.

**شمشە دای:** شمشە دان.

**شمشە کاری:** شمشە کاری.

**شمشێر:** شمشێر.

**شمشێرانی:** یاری کردن یان شەڕ کرن بە شمشێر.

**شمشێر بازی:** شمشێر بازی. یاری کردن بە شمشێر.

**شمشێرلیْ:** گوڵێکی یان رووەکێکی بنجدارە هەر لە زەمەق ئەکا. بەڵام گەڵا و گوڵی لە هی گەڵا و گوڵی زەمەق بچووکترن.

**شمقار:** شمقاڕ؛ باڵندەیەکی وریای راوکەرە.

**شمڵیە:** شمڵی.

**شمۆ:** بە ئێوەوە. لە ئێوەوە.

**شمە:** ئێوە.

**شمەنە:** لە ئێوەدا.

**شنار:** لەت. هەپروون.

**شنارشنار:** لەت لەت. هەپروون هەپروون.

**شناس ، شناسە:** سەرناس. شت ناس.

**شناسای:** ناسین.

**شناسایۆ:** ناسینەوە.

**شناسنامە:** ناسنامە. هەویە.

**شناسای:** ناساندن.

**شناسیا ، شناسییٚ:** ناسراو. ئاشنا.

**شناسیای:** ناسران.

**شناسیی:** ناسین. ئاشنایەتی.

**شندڕ:** شندڕ. ڕیشاڵ.

**شندڕشندڕ:** شندڕ شندڕ. ڕیشاڵ ڕیشاڵ.

**شندڕشندڕ بی یەی:** شندڕ شندڕ بوون.

**شندڕشندڕکریای:** شندڕ شندڕ کران.

**شندڕشندڕکەرڎەی:** شندڕ شندڕ کردن.

**شنگی:** شنگ.

**شنۆ:** شنۆ. سروە.

**شنە:** شنە.

**شنەشن:** شنەشن.

**شنەۏا ، شنەۏیٚ:** شنە با. بیسەر.

**شنەۏای:** بیستن.

**شنەۏایۆ:** بیستنەوە.

**شنەوتەی:** بیستن.

**شنەوۆتەیۆ:** بیستنەوە.

